خۆشەویستی خۆشەویستان

پێغەمبەرمان لە روانگەی قورئانی پیرۆزدا

دکتۆر بکر سید غریب بەرزنجی

خۆشەویستی خۆشەویستان

پێغەمبەرمان
لەروانگەی قورئانی پیرۆزدا

نووسینی:
دکتۆر بکر سید غریب بەرزنجی

هەولێر- کوردستان چاپی دووەم ١٤٣٣ھ – ٢٠١٢م- ٢٧١٢ك

لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی تەنفیزی

یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان

زنجیرە (٢٠)

پڕ بەدڵ سوپاسیو پێزانینی خۆم ئاراستەی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان دەكەم بەتایبەتی بەڕێز مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئاینی كە ئەركی بەچاپ گەیاندنی ئەم نووسینەیان خستە ئەستۆی خۆیان...
هیوادارم هەر پایەدارو تەمەن درێژ بێ.

دكتۆر بكر سید غریب بەرزنجی

* **خۆشەویستی خۆشەویستان**
پێغەمبەرمان لە روانگەی قورئانی پیرۆزدا
نووسینی: دكتۆر بكر سید غریب بەرزنجی
* **بەرگو دیزاین: كۆمپیوتەری دەریا**
* **نۆرەی چاپ: دووەم ٢٠١٢**
* **چاپی یەكەم ٢٧٠٧كو/ ١٤٢٨ك/ ٢٠٠٧ز**
* **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
* **چاپ: چاپخانەی ماردین**

W

((وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ
رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى
ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٨١) فَمَنْ
تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ(٨٢) أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ
مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ))[١]

بە ذكر و فیكری شیمەی موصطەفا وەقتت موصەففا كە
كە باسی ئەو صەفا بەخشە، طە رەب خێزە، دور ئەفشانە[٢]

خۆشەویستی هەموومانە محمد
رابەری هەردوو ژیانە محمد
هەموو بلێن: هەزارەها صەلات
لە محمد، لە یارانی هەموو كات[٣]

1- ال عمران: ٨١-٨٣.

2- بروانە: دیوانی محوی (قصیدەی نور): ٤٢٦.

3- نامەیەكی كراوە، سید بكر بەرزنجی، ١٤٢٧ك، دەست نووس.

پێشکەشە بەو خوشك و برایەم ئەگەر ڕاست بووم دوعای چاکەم بۆ دەکات، ئەگەر هەڵەش بووم ئاگادارم دەکاتەوە لە هەڵەکانم.

پێشکەشە بە گیانی پاکی باوکم (سید غریبی سێتاقان غەزایی بەرزنجی) کە یەکەم کەس بوو فێری کردم کە ئایینی ئیسلام تەواو کەری ژیانە!

پێشەکی دووەم

u

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاس بۆ خوای گەورە بێت، دروودی خوای گەورە لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرمانو پێغەمبەران بێتو خوای گەورە لەیارو شوێنکەوتوانی پێغەمبەرمان (d) ببورێتو پاداشتیان بە بەهەشتی بەرین بداتەوە.

سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانیمان چاپی دووەم بڵاو بکەینەوە.

بەڕاستی هەردەم چاپی دووەم لەلایەن نووسەر گرنگییەکی تەواوی هەیە لە چەند لایەنەوە، وەکو چارەسەری ئەو هەڵەو لەبیرچوانەی کە لەچاپی رابردوو روویدابوو، وە سوود وەرگرتن لەو تێبینیو سەرنجانەی کە بۆی رەوانە دەکرێت دوای بڵاو بوونەوەی نووسینەکە، بۆیە چاپی دووەم لەلایەنی خودی نووسەر بەلای منەوە زۆر جیایە لەچاپی دووەم لەدوای ئەو بکرێت جا هەر چ نووسەرێك بیکات!

ئەوەی پێویستە لەم گۆشەیە پێتانی رابگەینم، نەمویست لەم چاپەدا بابەتی تر پتر بکەم بۆ ئەم چاپە بەڵکو نووسینەکانم وەکو خۆی رێکخستو تەنیا چەند گۆڕانکاری هونەریو زمانەوانیم کردو چەند لایەنی راڤەم دەسکاری کرد، تا نووسینێکی تر خوای گەورە یاریدەدەرمان بێتو هەموو کاتمان خزمەتی ئەم ئایینە پاکە بێت.

دکتۆر سید بکر بەرزنجی

١٤٣٣ك

هەولێر / مزگەوتی اعجاز

پێشەکی یەکەم

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاس بۆ خوای گەورە بێت

دروودی خوا لەسەر گیانی پێغەمبەرمانو گشت پێغەمبەران بێت.

خوای گەورە لە یارو شوێنکەوتووانی پێغەمبەرمانو گشت پێغەمبەران(d) ببووریێتو پاداشتیان بە بەهەشت بداتەوە.

داواكارین كە خوای گەورە یارمەتیمان بدات، تاوەكو هەموو پیتو وشەیەكمان

هەموو تواناو خەباتێكمان

هەموو بزاڤ و وەستانێكمان

هەموو رەفتارو گوفتارێكمان

هەموو بۆچوونو هەڵوێستێكمان

هەموو پێكگەیینو دابرینێكمان

لەپێناوی رەزامەندی خوای گەورە بێت.

(إن شاء الله) رەزامەندی خوای گەورە تاكە سەرمایەی هەردوو ژیانمانە.

داواكارین ئەی خوای گەورە وەڵاممان بدەوە، وەڵاممان بدەوە، وەڵاممان بدەوە.

خوشكو براكانم.. ئەی هاوبیرو هاوسەنگەرانم

ئەی ئەوانەی شەو دەخەنە سەر رۆژ لەپێناوی بڵاوكردنەوەو راگەیاندنی ئەم ئایینە پیرۆزە.

ئەی ئەوانەی گەیینە ئەم ئاستە کە بتوانن دیواری نەزانین لابدەن‌و بگەنە ئەم راستییە کە تەنیا ئایینی ئیسلامە ئادەمیزاد دەگەیێنێتە باوەشی کامەرانی‌و شادی لە هەردوو ژیان!

ئەی ئەوانەی بالۆرەی بێباوەڕان نەیانتوانی سڵتان بکاتەوەو لەراستە رێگای ژیان لاتان بدات.

ئەی ئەوانەی زانست‌و ژیریتان کردۆتە زەمینەی گشت بزاڤێکتان.

سوپاس بۆ خوای گەورە جارێکی تریش پێکگەیشتینەوە.

سوپاس بۆ خوای گەورە جارێکی تریش لەپێناوی خزمەتی ئەم ئایینە پیرۆزەو ئەم گەلە پارچە پارچە کراوەو رەنجدەرە پێکگەیشتینەوە.

داواکارم کە خوای گەورە (ان شاء الله) بۆ کاری چاک‌و وتەی چاک، بەهێزو سەرکەوتوومان بکات، سەقامگیرو بەردەوامامان بکات. دامەزراوو هەستیارمان بکات، خاوەن هەڵوێست‌و نەترسمان بکات، چونکە خزمەتی گەلێکی موسڵمانی چەوساوەو پارچەکراوی وەکو گەلی کوردی موسڵمان بەتایبەتی‌و وەکو گەلانی موسڵمانان بەگشتی، لەپەیامی ئایینە پیرۆزەکەمان، بەناوەندی خواپەرستی دەژمێردرێت‌و خوای گەورەش مژدەو پەیمانی هاوکاری‌و پشگیری ئەم خەباتەی داوە:

(وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ)[1]

زانایان دەفەرموون، ناوەرۆکی ئایین زانیینە بە سێ خاڵ:

یەکەم: زانستت هەبێت لەبارەی خوای گەورە.

1- الروم: ٤٧.

دووەم: زانستت هەبێت لەبارەی پێغەمبەرمان(d).

سێیەم: زانستت هەبێت لەبارەی ئایینەکەت.

ئەم سێ خالە سەرجەمسەرە ئایینی اسلامە.

لەژێر رۆشنایی ئەم کلاورۆژنانەدا بڕیارمدا لەم پێك گەینـەدا بەیەکـەوە لەگـەڵ پێغەمبەرمان بمینێینەوە(d).

دیارخستنی خۆشەویستی محمدو پلەی خۆشەویستی محمد(d) دیاردە نییەو بەس بەڵکو بنەماو راستییەکە هەر هەمووماں دەبێت لەنزیکەوە هەستی پێبکەینو لەنزیکەوەش ریـزی لێبنـێینو بەتونـدی بیگـرین ئەگـەر هەسـت بەویـستو ئـاواتی گەلەکەمان دەکەین!

((لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً))[1].

ئەم نامیلکەیەم ناو نـا خۆشەویـستی(d) ئـەو خۆشەویـستانەم کـە خزمـەتی گەلو خاکەکەم دەکەنو هەردەم بە پەیامی خوای گەورە دەژین.

چــەند جـار دووبــارەو دەبــارەم کردۆتــەوە لــە ٤٠ ســاڵی رابــردوو لــەوتارو نووسینەکانم، ئەگەر هەر کەسێك دژی ئایینی ئیسلام بوو ئـەوە دژی بەرژەوەنـدی گەلەکەیەتی بەگشتیو دژی بەرژەوەندی خۆیەتی بەتایبەتی! (z).

وە بەپێچەوانەشەوە بەپێچەوانەوەیە، هەر کەسێکت دیـت هەرچـەند خـۆی وا بنوێنێت (وەکو دەڵێن هەر چ شێوە –باك گراوند–ی بۆ خـۆی رازاندبێتـەوە چ بـە گوفتار یا بەشێوە) گوایە دڵسۆزو پێشمەرگەی گەلەکەیەتیو گوایە پاسەوانی خالە

1- الفتح: ٩.

گەرمەکانە، ئەگەر دژی ئایینی ئیسلام بوو و دوور بوو لە پەیامی خوای گەورەو پێغەمبەرمان(d) ئەوە بەبێ دوو دڵی دژی بەرژەوەندی گەلەکەیەتیو هەردەم دوورە لەسوودی خۆی.

بۆیە لەم گۆشەیەدا بۆ ئەوەی کە جێی پەنجەی خۆمان بکەینەوە لەخزمەتی گەلی کوردی پارچە پارچە کراو خزمەتی جیهانی خواناسانی تاوان لێکراوو گەمارۆدراو بە پلانو پیلانی بێباوەڕان، ئەم نامیلکەیە دەکەمە دیاری بۆ ئەوەی منیش وەکو برا خاوەن باوەڕەکانم بتوانم خزمەتی ئەم پێغەمبەرە(d) بکەم، بەو نیازەی کە خزمەتی پێغەمبەرمانو ئایینو خزمەتی گەلەکەمانەو خوای گەورەش (ان شاء الله) هاوکاریمان دەکات بۆ ئەم کارە دیاری کراوە.

((إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الأَشْهَادُ (٥١) يَوْمَ لاَ يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ))[1].

دکتۆر سید بکر بەرزنجی

هەولێر مزگەوتی اعجاز

١٤٣٢ز

1- غافر: ٥١-٥٢.

تابلۆی یەکەم
مەبەست لە خوا پەرستن

خزمەتی گەلو خاك ئەگەر بەوردی شیبکرێتەوە ئەوە لەدوو خالْ خۆی دەبێنێتەوە،

یەکەم: ریزگرتنی ئەو ویستە پاکانەی کە گەل دەیەوێت.

دووەم: رێنمایی کردنی گەل بۆ ویستی پاکترو هیوای گەشترو ئاسۆی فراوانتر.

ئیتر هەر هەموو ئاواتمان لەم چوارچێوەیەدا خۆیان خردەکەنەوە، ویستی پاکی گەلو هاندانی گەل بۆ رێبازی رێکی ژیان.

بۆیە پێویستە کە هەموو توانایەکی بەرجەستەو نابەرجەستە وەکو (جوولانو داهێنانو بەرهەمو سەربازیو کارگێریو دادو خوێندنو...) لەم دوو خاڵەدا خۆیان ببێننەوە.

ئەگەر بەوردیو قوولی سەیری ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلام بکەین دەبینین، هاتنی هەر هەموو ئایینەکانی ئاسمانیش تەنیا بۆ راپەراندنی ئەو دوو خاڵە هاتوون، کە کامەرانی لە دڵی ئادەمیزاددا دروست بکەنو پەژارەو گەندەڵیو قەیرانی رێبازی ژیانی لابدەن، وەهەروەها ئایینی ئیسلام روونی کردۆتەوە کە شادی ئادەمیزاد مەبەستە (الغایة)و بەس، ئیتر هەر هەموو شێوەکانی خواپەرستی هۆکارە (الوسیلة) بۆ گەیین بەم ئاواتەی کە شادی ئادەمیزادە.

* * * * *

ئا ئەم هەموو ویستو هیوایە لەئایینمان ناونراوە بە (العبادة) واتە بەندایەتی ئەو خوایە گەورەیەی کە ئەم بڕیارەی داوە وە راپەراندنی ئەم بڕیارەش لەچوارچێوەی لەخواترسان (التقوا) داڕێژراوە، ئەو کەسانەی خاوەنی ئەم هەلۆێستەن ئەوە ئاشتیخوازان (المسلمون کە لەوشەی السلام وەرگیراوە) وەهەروەها خاوەن باوەڕین، کە بنچینەی باوەڕی واتە ئاسییش پارێزان (الایمان لە وشەی الامن وەرگیراوە)، واتە ئەو ئادەمیزادە کراوە:

((إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنْ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمْ الْجَنَّةَ))(١)

بۆ ئەوەی ئەم کارانە بکات، ئا ئەوە کارەکانیەتی، وردی ئایینمان لەوەدایە کە ئەم هەموو ویستو هیوایە بە خواپەرستی (العبادة) دادەنێت ئەگەر پارێزەری ئەو ویست و هیوایانە بێت (التقوا) کە بە بەرژەوەندی گەل کۆتایی دێت (المعروف یا الصالحات)، خۆ ئەگەر بەرهەڵستی ئەو ویستو هیوایانە بکات کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندی گەلەکەیەتی ئەوە بە (المنکر یا السیئات) دەزانێت.

وەکو بەڵگە نەویستە کە هەردەم ئایینمان تاکە هێزێکی (الصمام الامان) بۆ پاراستنو داهێنانو رێکخستنی سوودی ئادەمیزاد!

((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً))(٢).

بەڵکو بوونەوە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بۆ بەرژەوەندیو خۆشی ئادەمیزاد دروست کراوە:

1- التوبة: ١١١.

2- الاسراء: ٧٠.

((اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنْ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمْ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمْ الأَنهَارَ (٣٢) وَسَخَّرَ لَكُمْ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمْ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ (٣٣) وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سالَتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ))(١).

هەر بۆیەش هیچ ئادەمیزاد نەماوە لەم بەزەیی و چاکە دوورخرابێتەوە:

((وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ))(٢).

واتە: خوای گەورە دەفەرمووێت: (بەزەیی منو چاکە منو رۆزی من، هەرهەموو شتێکی گرتۆتەوە چ گیان لەبەر بێت چ بێ گیان ئەوە کەوتۆتە ژێر چاکەکانم).

وەهەروەها هیچ ئادەمیزادێك نییە کە لەناوەڕۆکی ژیان ئاگادار نەکرابێتەوە کە خواپەرستیو راپەراندنی یاسای خوای گەورەیە:

((إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خلاَ فِيهَا نَذِيرٌ))(٣).

خواپەرستیش واتە دابین کردنی بەرژەوەندی ئادەمیزادو دوور کەوتنەوە لەو شتانەی کە قەیرانو گیروگرفتو زیانی (الضرر) پێدەگەینن.

((وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمْ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ))(٤).

1- ابراهيم: ٣٢–٣٤.

2- الاعراف: ١٥٦.

3- الفاطر: ٢٤.

4- النحل: ٦٤.

لەم کلاو رۆژنانەدا ئەوەی گرنگو مەبەستە نەتەوەکەم، نەتەوەی کورد، کە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ بەویستو ئارەزووی خۆیو بەدڵسۆزیەکی بێ سنوور لە ٩٥٪ی ئاایینی ئیسلامی کردۆتە رێبازی ژیان (الشريعة)و محمدی داناوە بەخۆشەویستی(d) خۆی!

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بابەتێکی پر لەزانستی ژیری لەئاایینماندا وەهەروەها بیری کراوەی نەتەوەی کورد.

((أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنْ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُوْلِي النُّهَى))[1].

((يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُوا الأَلْبَابِ))[2].

دیمانێکی بەڵگە نەویست لەسەر ژیریو گەیینی بیری کورد، من وەکو لەناوچەکانی شاری (هەولێر) ژیاوم کەمێك شارەزامە لەوشە رۆنانی ئەم ناوچەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیە لە ٧٠٪ یان کاتێ بیانەوێت ناوی محمد یا پێغەمبەریان(d) بفەرموون، ئەوە زۆر جار بەشێوەی خۆشەویست یا خۆشەویستمان دەفەرموون، ئەم وشەیە لەلایانەوە ناسك ترینو خۆش ترینو شیرین ترینو پر واتا ترینو دلگیرترین وشەیە.

کاتێ کە فەرموویان: خۆشەویستمان(d) فەرموویەتی، ئەوە هەموو تواناو بۆچوونو رێنماییەك دەوەستێتو لەکار دەکەوێت تەنیا توانای خۆشەویستە

1- طه: ١٢٨.

2- البقرة: ٢٦٩.

راستەقینە بێ گەردو بێ رتوش‌و بێ بۆیەکەیە کە دێتە پێش‌و ماوەی دراوە کە بیر رووناك بکاتەوەو تاکە رێنمایی کارە لە هەردوو ژیانە.

((قُـلْ إِنْ كَـانَ آبَـاؤُكُمْ وَأَبْنَـاؤُكُمْ وَإِخْـوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُـمْ وَعَـشِيرَتُكُمْ وَأَمْـوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنْ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ))(1).

* * * * *

وە پێم خۆشە بیزانین، ئەگەر وشەی (خۆشەویست) لە هیچ رستەو برگەیەك واتای تەواوو رێك نەبەخشێت، ئەگەر وشەی خۆشەویست لە هیچ گەرو لێوو وتەیەکدا دەنگ داناوەو رەنگ داناوەو سۆزی خۆی پەخشان نەکات، ئەگەر وشەی خۆشەویستی لە هیچ هۆنراوەو گۆرانییەك واتای تەواو نەبەخشێت، ئەگەر وشەی خۆشەویست لە هیچ شوێنێك نەتوانێت ئەو واتایە ببەخشێت کە خۆشەویستییە پڕ بەواتای وشەکە، ئەوە لەناو رستەی محمدی خۆشەویست(d) توانیویەتی هەرهەموو جۆش‌و سۆزو واتاو بەهایەك دروست بکات لەدڵی موسڵمانانداو یەك بە پێستی وشەکە خۆشەویستی بنوێنێت. (z)

* * * * *

هەر بۆیە وەکو هەموو گەلانی خواناس، گەلەکەی منیش، سەدان زاناو هۆنەری وەکو (جزیری‌و خانی‌و محوی‌و صافی‌و صابری‌و مولوی‌و نۆدەیی‌و بێخودو پاکی‌و...)(V) وا دەیانەوێت باسی تروسکاییەك لەم خۆشەویستییە بکەن.

1- التوبة: ٢٤.

ئەو خۆشەویستییەی کە لەنێوان ئەم چەند پیتەدا خۆی نواندووە ماتەوزەیەکی هەیە، تواناو هێزێکی لەخۆیدا گرتووە، دەریایەکی بێ سنووری سۆزە، کانیاوێکی بێ بنی پر لەواتایە، ئەو خۆشەویستییە توانایەکی داهێنەرو چاکی لەبیردا پێگەیاندوە، کە بەسە بۆ ئەو توانایەی خۆشەویستی پێغەمبەرمان(d) کە بلێم نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری جیهانی خواناسان ١٤٠٠ ساڵە نەیانتوانیوە لەم کانیاوە تێر ببن‌و لەم کانیاوە بێزار ببن.

* * * * *

شێخ (نجم الدين صابری بەرزنجی)(V) (١٨٨١ز-١٩٤٤ز) شێخی زاناو هۆنەری داهێنەری شاری کەرکوك دەفەرموێت:

عالەمی کردە جسد نوری حبیبی کردە روح
بۆیە وا هەر ماوە ناخنکێ بەسەد تۆفانی نوح

خوا بە قورئانی موبینی افضالی ئەو ئەکا اثبات
کافیە شق القمر، میعراج و باقی موعجزات[(١)]

* * * * *

(ملا بێخود)ی (V) خواناس سەیرکە چۆن دڵەکەی فریوە بۆ شاری (مدینەی رەنگین)و بەدوای دا دەگەرێت:

1- دیوانی: صابری، چ: ١: ٣٢.

ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دلی من

یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دلی من

وادیارە بێ ئاواتە لەم بز بوونەی دلی بۆیە دەفەرمووێت

لەو یوسفە پرسیومە لە بێگانە و یاران

هەرگیز نییە سۆراخی لە هیچ لاوە دلی من

وە لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا دەفەرمووێت

مەعلوم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە

وام زانی کە فەوتاوە نەفەوتاوە دلی من[١].

* * * * *

سەیری ئەم هۆنەرەش بکە چۆن هەرهەموو دەرگای بەروو داخراوەو رووی کردۆتە خۆشەویستەکەی(d):

سەد حەکیم هات و عیلاجی ئەو برینانەی نەکرد

تۆ عیلاجی دەردەکەم کە زوو بە لوقمانم وەرە

* * * * *

1- دیوانی: بێخود، بغداد، چ: ١، چا: سلمان الاعظمي: ٦٦-٦٨.

هۆنەری کورد (احمد شوقی)(c) کە لەبنەماڵەکانی کوردی تورکیایەو لە مصر ژیاوەو بووە بە (امیر الشعراء)ی (عرب) دەفەرمووێت:

اخوك عيسى دعا ميتا فقام له

وانت احييت اجيالا من العدم(١)

* * * * *

بۆیە کاتێ کوردی هەستیار باسی خۆشەویستەکەی دەکات کە محمدی پێشەوایە(d)، دڵنیابە کە باسی نیشتمان پەروەری دەکات، ئەوە باسی خەباتو تێکۆشان دەکات، ئەوە باسی داهێنانو پێشکەوتن دەکات، خۆشەویستی محمد بوو کە دڵەکانی جۆشدا بۆ جوولەو جوولەکانی خستە کارو کارەکانی لەچوارچێوەی دادو یەکسانیو زانستیدا گرد کردەوە.

دڵنیابە کاتێ کورد لە ٩٥٪ی (سوپاس بۆ خوای تاكو بەتوانا) شوێنکەوتووی محمدی خۆشەویستە، ئەگەر کورد لە ٥٠٪ شوێنکەوتووی (دارو بەردو گاو ئاگرو...) پەرستن بوایە، ئەوە بێباوانی (عَلماني)، ئەوە نەزانەکانی خۆفرۆشی رۆژهەلاتو رۆژئاوا، ئەوە نەزانانی بەویستو ئاواتو خەباتی کورد، سەدان نووسینو سروودو هۆنراوەیان بەسەر (ریخی گاو تەنی سوتانو ژیلەمۆو ئاگرو تاشەبەرد وشكو رەنگی بەرد) دادەنا، چونکە لە ٥٠٪ کورد هەڵیبژاردووەو کردوویە بەخوای خۆی! (خۆمان بەخوای گەورە دەپارێزین، نعوذ بالله)، بەلام لەکاتێکدا کە گەلی کورد بە هەموو تواناو سۆزو ژیریەوە، محمدی(d) کردۆتە

1- دیوانی احمد شوقی، مصر.

پێشەواو خۆشەویست ئەوە بە (دواکەوتن)و (کۆنەپەرست)و (تاوانکارو تاوانبار)ی دەزانن!؟ (ﷺ)

خوای گەورە پاداشتی چاکەی (شرف الدين محمد البصيری) بداتەوە کە دەفەرمووێت:

وكيف يدرك في الدنيا حقيقته

قوم نيام تسلوا عنه بالحلم[١]

واتە: (چۆن دەزانێت ئەم دنیایە چۆنە، گەلێك کە نووستووەو وا لە پرخەی خەوەو خەون دەبێنێت)!

یا دەفەرمووێت:

قد تنكر العين ضوء الشمس من رمد

وينكر الفم طعم الماء من سقم[٢]

واتە: (لەبەر کوێری خۆی رووناکی خۆری بەلاوە نییە، تامی ئاو ناکا چونکە دەردەدارە).

* * * * *

ئەوەش بەشێکە لەبەشەکانی پلانو پیلانی رۆژهەلاتو رۆژئاوایی کە کاردانەوەی لەسەر سەرخانی چەند فەریکە خوێندەوارێكو چەند پێنووس بابروودوێکی چەقی چەند رۆژنامەیەك کردووە.

1- دلائل الخيرات- البردة المديح-، شرف الدين محمد البصيري، ط: ١، بغداد، مط: الوسام، ١٩٨٢ز: ٢٤٣.

2- هەمان سەرچاوە: ٢٥٣.

خۆ تۆ ناتوانی زۆر بەچاکی نزيك ببيەوە لەچۆنيەتی نەزانين‌و بێ ئاگايی ئەم مشەخۆرانە تاوەکو بەراوورد نەکەی لەنێوان ويست‌و بنەمای پەيامی محمدی خۆشەويست(d)و ويست‌و بنەمای ئەو هەموو دێوەزل‌و درندانەی کە کردوويانە بە خواو پێشەواو سەرداريان؟!

((وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ))[1].

بابێين لەجيهانی بەراورددا خۆشەويستمان بناسين(d)، با لەجيهانی خزمەتی رۆڵی نەتەوايەتی‌و خەباتی گەلی کورددا لەم ١٤٠٠ ساڵە خۆشەويستمان بناسين‌و بەراوردی بەرهەمی ئەو هەموو مزگەوتانەی کوردستان بکەين لەماوەی ١٤٠٠ ساڵەدا کە چۆن بنکەو پێگەو چەقی دادو رۆشنبيری‌و هاوکاری بووەو پێشەواکانی خوێن رشتن‌و دزی‌و ئابروو بردنيش کە مێژوو لە من باشتريان شارەزايانەو دەياناسێت!؟

* * * * *

1- ال عمران: ٦٤.

كوردو ئايينی ئيسلام

پێی بڵێ هەلسە كاتی هەڵمەتە
موسڵمان كۆتی ژێردەستی شكاند

ئای كە نابينێ شەمشەمە كوێرە
ئيسلام چۆن كوردی بەجيهان ناساند

تاكە رێبازی خەباتە شۆڕش
سەدان زۆردارو نۆكەری تۆقاند

نركەی موسڵمان لە شارو لە دێ
كوفری لەدەريای نەماندا خنكاند

سەربەرزم هەردەم بە مزگەوتەكان
هەزاران وەچەی ژيری پێگەياند

كوردی من ئيمڕۆ لەسايەی ئيسلام
هێزی (دڵ شێر) و (عەفلەقی) رماند[١]

1– دل شێر: پاڵەوانی خاچ پەرستی بەزيوو بوو، (ميشيل عفلق) دامەزرێنەری (حزب البعث العربي الاشتراكي) بوو.

لەژێر سێبەری مزگەوت و میحراب
بەرەی زانستو وشەی پێگەیاند

زۆرچاك بزانە بازووی خواناس بوو
لە كوردستاندا كە ئالأی چەقاند(٢)

قاضيو پیران و حفید و بارزان
بیری هەڵمەتیان لەم خاكە ڕواند
ایوبی، رەزا، نەورەس و سمكۆ
قەلای ستەمیان لەڕەگا هەژاند
بوون بە ڕابەرو بە ئاسۆی هیوا
كوردیان لە باوەش برایەتی نواند(١)

* * * * *

بۆچی ئەم درندانەی جیهان بەگشتی دژایەتی محمدی خۆشەویستمان (d) نەكەن؟!

بۆ هەموو توانایان نەخە گر بۆ توانەوەی سەرچاوەكانی خۆشەویستی محمد لەكوردستان!؟

من لەنزیكەوە ئاگادارم پتر لە ٤٠ ساڵە (یەكەم پەرتووكم لەساڵی ١٣٩٧ك بەناونیشانی –جیهانێكی وون– بڵاوكردەوە وە یەكەم كۆرم لەبارەی –چەند

1– نركەی هۆنراوە، سید بكر بەرزنجی، هەولێر

رووەكانی ماتماتیك لەقورئانی پـیرۆزدا– لەسـاڵی ١٣٩٧ك لـەهۆلی لاوان پێـشكەش كرد)، چونكە ئەم بێباوەڕانە خەریكی دزینی داراییو سامانی ئەم گەلەن، چـونكە ئەم بێباوەڕانە خەریكی ئارەزوو بازیو ئابرو بردنی ئافرەتـانی ئـەم كۆمەڵگایـەن، چـونكە ئـەم بێباوەڕانـە تـەنیا لەگۆمـە لێلـەكان دەتـوانن مەلـەی ژیانیـان بكـەنو لـەگۆمی لێلـدا دەتـوانن جیهـانی فێـلو لـە خـشتە بـردنو داگیركـردنو تۆقانـدنو توانـــەوەی نامـــەی كـــچو كـــوڕ ئـــاوەژوو بكـــەن، بـــەڵام پـــەیامی محمـــدی خۆشەویست(d)و پێشەوای ژیران:

((اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنْ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمْ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنْ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ))[١].

واتـــەی بـــەكورتی: (خـــوای گەورەیـــە كـــە پێـــشەوای خواناســـانە هـــەردەم لەتاریكاییەكانی ژیاندا دەریان دێنێت بەرەو روونـاكی درەوشـاوەی ئیـسلام بـەڵام ئەوانەی كە بێباوەڕن پێشەواكەیان زۆردارانن كە هەردەم خەڵك لە ڕێبازی رووناكی ژیان لادەدەنو بەرەو تاریكییەكانی ژیانی دەیانبەن، ئەوانـە یـارانی ئـاگرنو هـەر لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە).

وەكو پێشەوا و خۆشەویستی خۆشەویستان لە بارەی پێناسـەی ئـەم ئایینـە دەفەرمووێـت: (لیلها كنهارها)[٢].

واتە: ئەم ئایینە پاكە شەوەكانی وەكو رۆژ روونو ئاشكرایە !

1– البقرة: ٢٥٧.

2– رواه احمد و ابن ماجة وحاكم وبيهقي، بروانە: جامع الصغير، ابو بكر عبدالرحمن السيوطی.

واتە: سوودی ئەم ئایینە بۆ ئادەمیزاد هێندە بەكەلكە، ئەوەی نادیاریشە ئەوە وەكو وەك دیارەكان دەدرەوشێتەوە.

ئەم ئایینە ئەو رێبازەیە كە لەپێناوی پاراستنی سەرو ماڵو ئابروی ئادەمیزاد هاتووە:

((قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ مِنْ إِمْلاَقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلاَ تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلاَ تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١) وَلاَ تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (١٥٢) وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ))[١].

* * * * *

محمد پەیامی هاوكاری و تەبایی و ناوبژی و یەكسانی و دادی پێیە:

((وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ))[٢].

پەیامی ریز گرتنو پێزانینی توانای ئافرەتو ئابروو پۆشیو مافی ئافرەتی پێیە:

((الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ))[٣].

1- الانعام: ١٥١-١٥٣.

2- المائدة: ٢.

3- النساء: ٣٣.

واتە: (پیاو دەبێت هەردەم وەكو یاریدەدەر (الأسناد) یارمەتی ئافرەت بدات –جا چ هاوسەری بێت یا دایكو خوشكو كچی–، وە وشەی –قوام– واتە راستی بكاتەوەو هەلەكانی بۆ روون بكاتەوەو هاوكاری بكات لە هەورازو نشێوی ژیان وەكو چۆن دووگێی كەپر بۆ داری مێو دەبێتە –قوام– وشەكە لەبنچینەدا لەوشەی (قام) واتە هەستاندا هاتووە –ئا بەم شێوەیەش پیاوان یاریدەدەری راستەوخۆی ئافرەتان بن وە ئەم بڕیارەش لەلایەن خوای گەورەوەیە وەهەروەها ئەم بەرز بوونەوەی یەكێك لەسەر یەكێك لەلایەن خوای گەورەوەیە كە ئافرەتی داناوە وە بەم شێوەیەو پیاویشی بانگ كردووە بۆ یارمەتی بەم شێوەیە تاوەكو پتر خالَی پەیوەندیان توندو پتەوتر بێتو هەریەكە هەست بەوە بكات كە تەواوكەری ئەوی ترە).

بەلَێ محمد(d) پەیامی داهێنانو پێشكەوتنی پێیە:

((قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الألْبَابِ))[1].

محمد دەستی دز دەبرێت، محمد داوێن پیس سزادەدات، دژی چەوسانەوەو تاوانە، قەلاچۆی نەزانینو دواكەوتنو نادروستی دەكات، هاورێگای دادو یەكسانیو گوێلەیەكتری گرتنە، لەگەلّ پەروەردەو نەرمی داهێنانە، لەگەلّ لێبووردنو تەبایيو برایەتییە، لەگەلّ هەژارو كرێكارو چەوساوەكانە، ...، چۆن ئەم بەهابەرزو رێكانە، چۆن ئەم بنەما پتەوو نەلەرزانە، چۆن ئەم پەیامە پڕ لەزانستو ژیریەی بنچینەی دروست بوونو پاراستنی داوای رەوای كۆمەلّ بەراورد دەكرێتو

1– الزمر: ٩.

دەخرێتە بەرامبەر جیهانی توانەوەی ئافرەتو ئارەق خواردنو تۆقاندنو دزیو تاوانو گەندەڵیو نەزانیو شەروار پیسیو...؟! (Z)

((وَمَا يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ (١٩) وَلاَ الظُّلُمَاتُ وَلاَ النُّورُ (٢٠) وَلاَ الظِّلُّ وَلاَ الْحَرُورُ (٢١) وَمَا يَسْتَوِي الأَحْيَاءُ وَلاَ الأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاءُ وَمَا أَنْتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي الْقُبُورِ (٢٢) إِنْ أَنْتَ إِلاَّ نَذِيرٌ))[1].

پێغەمبەرمان دەفەرمووێت: (ئەگەر درکێك –شوکە وما دونها– یا لە درکێکیش بچووك تر، لاشەی ئادەمیزادی خواناس ئازار بدات ئەوە ئازارو خەمەکەی لەدڵی منە!).

ئا ئەوەیە دلی محمدی پێشەوا(d)، ئائەوەیە ئازارەکانی دڵی پێغەمبەرەکەت!

* * * * *

محمد(d) بەهۆی پەیامە بێ وێنەکەی توانی لەماوەیەکی چاوەنوار نەکراو، توانی لەناو نەتەوەیەکی دوور لەبنەمای پێشکەوتن، لەناو جیهانێکی پر لەخوێنو توانەوەو تۆقاندن، رەگی گەورەترین دەوڵەتو فراوانترین شارستانی دروست بکات.

تاوەکو ئیمرۆ نە لە پانیو درێژایی مێژووی بەر لەهاتنی محمد(d)و نە لەدوای هاتنی محمد نەماندیتو دڵنیاش بە کە نایبینین سەردارێکی لەم شێوەیە، رابەرێکی ئەم گۆرانو رامانە کە بتوانێت لەماوەی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا لەناو پانترین ناوچەی نیوە دوورگەی عربی ئاڵای ئایینی ئیسلام بەرز بکاتەوە، ئاسۆی ئەم ئایینە بە کەمتر لە

1- الفاطر: ١٩–٢٣.

١٢٠ ساڵ کێوەکانی (کوردستانو فارابو کشمیرو رباطو غرناطەو مرمرە)ی گرتەوە، تیشکی زێرینی ئەم ئایینە زێرینەبوو کە توانی بە کەمتر لە ١٥٠ ساڵ وەکو قوتابخانەیەکی بێ سنوور پانترین گۆڕەپانی کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپا بکاتە پۆلی مزگەوتەکانو خوێندن وەکو خواپەرستی بڵاو بکاتەوەو ئادەمیزادی ئەم ناوچانە لەباوەشی دادو زانستو یەکسانیو ئاساییش بنوێنێت؟!

بەڵێ پەلەمەکە محمدی خۆشەویستت(d)بوو کە توانی رەگی شارستانییەتێك لەدڵی زەمین بباتە خوارەوە کە لەسەدەی (ئەنتەرنێتو عولمەو لێك کردنەوەی ناووك) نەتواندرا هاوتای هەبێتو وە دلنیاش بە کە سۆبەسۆ ناتواندرێت.

* * * * *

هەر بۆیە ژیران، هەر بۆیە دامەزراوو خۆگرو هۆگرو هۆزانان، خۆشەویستی ئەم محمدەیان(d) بەشێوەیەك لەبیردا جێگیر بوو بەر لەزمان، خۆشەویستی محمد بەشێوەیەك سەرخانی داگیر کردووە بەر لە هەموو شتێك، کە دوای پتر لە ١٤٠٠ ساڵ کە پتر لە ٤٠٠٠ کم شاری هەولێر لەشاری (مكة والمدينة) دوورە کەچی تەنیا لەنێوان ساڵێنی ١٤٢٢ك–١٤٣٢ك ئەوەندە موسڵمانە لێهاتوەی کە چوونە ماڵی خوای گەورەو سەردانی شاری مکەو مدینەی رەنگینیان کرد، لە ١٤٠٠ ساڵی رابردوو لەدانیشتوانی ئەم شارە دێرینەی قەلا (القلعة)و منارە، ئەوەندە خواناسە سەردانی ماڵی خوای گەورەو شاری خۆشەویستیان نەکردبوو (سبحان الله)!؟

* * * * *

هەر لەچەقی شاری هەولێر کە بەکۆنترین شاری جیهان ناسراوە، بەڵام (الحمدلله) نوێترین شاری خۆشەویستانی محمدە(d)، دڵنیابە ئێستا لەسەدەی پازدەی کۆچی (١٤٣٢ك) کە پتر لە ٥٦ نووسینگەی تێدایە تەنیا بۆ رێکخستنو

گواستنەوەی خۆشەویستانی خۆشەویست (الحج والعمرة) بۆ (ماڵی خوای گەورە)و سەردانی ئارامگای خۆشەویستی خۆشەویستان.

تابچن لەماڵی خوای گەورە وەڵامی پێغەمبەرمان ابراهیم(d) بدەنەوە:

((وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالاً وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍ عَمِيقٍ))(1).

تاوەکو پێیان لەشوێنی پێی بلال و صهیب و سلمان و یاسر و زیدو...،(v) بنێنو بەبێباوەران بڵێن:

((مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانًا))(2).

خۆشەویستی ئەم محمدە(d) بەشێوەیەك لەبیردا جێگیرە بەر لەزمان، خۆشەویستی محمد بەشێوەیەك سەرخانی داگیر کردووە بەر لە هەموو شتێك کە دوای پتر لە ١٤٠٠ ساڵ کە پتر لە ٤٠٠٠ کم شاری هەولێر لەشاری (مكة والمدينة) دوورە کەچی تەنیا لەنێوان ساڵەنی ١٤٠٠ك-١٤٣٢ك ئەوەندە نووسینەی بەزمانی کوردی شیرین کە لەبارەی واتای قورئانی پیرۆزو واتای فەرموودەکانی پێغەمبەر(d)و لەبارەی مێژووی ژیانی پێغەمبەرو یارانی وتاریان فەرموو و نووسینیان بڵاوکردەوە، لە ١٤٠٠ ساڵی رابردوو، ئەوەندە نووسینو وتارە پێشکەش نەکراوە ! ؟

* * * * *

1- الحج: ٢٧.

2- الفتح: ٢٩.

خۆشەویستی ئەم محمدە دوای پتر لە ١٤٠٠ ساڵ کەچی تەنیا لەنێوان ساڵێنی ١٣٥٠ک–١٤٣٢ک ئەوەندە ئایەتەی قورئانی پیرۆز لەبەر کراوەو شیکراوەتەوەو راڤەکراوە، ئەوەندەی زانستەکانی قورئانی پیرۆز بڵاو کراوەتەوە، ئەوەندە زانا ئایینەی لەم شارەو دەوروبەری بڕوانامەی زانستی ئایینیان وەرگرتووەو ئەوەندەی گرنگی بە دروست کردن‌و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان دراوە، لە ٣٠٠ ساڵی رابردوو ئەوەندە لە گەشە نەبووە لەجیهانی ئیسلام!؟

ئەم راستییە بەڵگە نەویستانەنە، ئەم زەمینە بتەوانەنە، کە هەردەم نامەیەکی کراوەن بۆ ئەوانەی دەیانەوێت وتە وت بکەن‌و لەتاریکی بەرد بهاوێن‌و لەناو گۆمی لێل‌و شلەقاو خۆیان دەربخەن گوایە: ئایینی ئیسلام بەنووکی شمشێر بڵاوبۆتەوە!

ئیسلام ئەگەر بە ئارەزوو و بیرو ویست بڵاو نەبۆتەوە لەکوردستانی گەورە، ئا ئەوە مێژووی ١٤٠٠ ساڵەی رابردووی کورد، ئا ئەوە راپەڕین‌و خەباتی کورد لە ١٤٠٠ ساڵی رابردوو، ئایا لەدژی ئایینی ئیسلام هیچ جۆرە دیاردەیەك هەبووە؟

ئایا کورد لەتەمەنە زێرینەکەی کە ١٤٠٠ ساڵی رابردووە لەباوەشی قورئانی پیرۆز، رۆژێ لەڕۆژان بەرهەڵستی ئایینی ئیسلامی کردووە؟ یاخود بەپێچەوانەوە کوردەکەم هەر هەموو شۆرشەکانی رزگاریخوازی لەمزگەوت ئالای هەلکردووەو ئایینی ئیسلام‌و بەس بۆتە چەغماغەی شۆرشەکانی سەربازی‌و رامیاری‌و رۆشنبیری‌و شارستانی.

* * * * *

یەکێك لە لایەنەکانی ژیری کورد بەلای منەوە لەوەدایە کە ووشە رۆنانە، سەیرکە لە بەرامبەر واتای وشەی (محمد یان النبی یان الرسول) وشەی پێغەمبەری داناوە، کە وشەکە خۆی لە خۆیدا پڕ لەواتایە، ئەگەر نیاز لە(پەیغام

بەر)ە یاخود (پیَ غەم بەر)ە، هەردوو لامان گەرەکەو مایەی شانازییە، ئەگەر وشەکە پەیغام بەرەو فارسیە ئەوە واتای (الرسول)ەو هەڵگری پەیامە خۆ ئەگەر (پیَ غەم بەر)ە ئەوە هەر ناسکەو هاتنی ئەم رابەرە لادانی هەر هەموو قەیران و گێروگرفت و غەم و پەژارەیەکی ئادەمیزادە.

ئەوەی کە بەڵگە نەویستە، ئەگەر هۆنەر هۆنراوەیەك بۆ سەردارێك بنووسێت، یا ئەگەر وتارێك بۆ سەرۆکێك بخوێندرێتەوەو باسی بکات بەچاکە، ئەگەر نووسین و سروود بۆ سەردارێك دابرێژرێت، ئەوە ئەو سەردارو سەرۆکە بەهۆی ئەم هۆنراوەو وێژەو تابلۆ هونەری و نمایشی هونەری و پیا هەلدانە بەرز دەبێتەوە لەلای ئەوانەی کە پێی (مُعَجب)ن، بەڵام کاتێ کە هۆنەر هۆنراوە بەسەر پێغەمبەردا(d) هەلدەرێت، کاتێ نووسەر نووسین لەبارەی چاکی و رێکی پێغەمبەر دەنووسێت، کاتێ هونەرمەند بە فلچە زێرینەکەی تابلۆی ئایەتانە دەکێشێت کە لەبارەی پێغەمبەرە یا ئەو هۆنراوانە دەنەخشێنێت و هێلکاری دەکات کە لەبارەی پێغەمبەرمان نووسراوە، ئەم هۆنراوەو نووسین و تابلۆو شانۆو سروودانە نابنە مایەی ئەوەی کە پلەی پێغەمبەرمان بەرز بکەنەوە بەقەد ئەوەی کە پلەی هۆنەرو هونەرمەندو وتاربێژەکە بەرز دەبێتەوە، ئەوەش تاکە رازێکی پێغەمبەرمانە، چونکە خوای گەورە خۆی پێغەمبەرمانی(d) بەرز نرخاندووەو بەرز کردۆتەوە!

((وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ))[1].

* * * * *

1– الشرح: ٤.

من نازانم چۆن خواناسان دەتوانن لەبارەی خۆشەویستەکەیان بدوێن، ئەو خۆشەویستەی کە توانی گەورەترینو زۆر ترین خزمەتی ئادەمیزاد بکات بەهۆی ئەم ئایینە پاك و رێکە کە بڵاوی کردەوە، هیچم نایەتە یاد جگە لەوە نەبێت کە هۆنەری ناوداری کورد: (مەلا محوی)(c) لوتکە کە لە (قصیدە نور) دەفەرمووێت: لەهۆنراوەکانی وێژەی زمانی کوردی لەم هۆنراوەیە بەواتاترو بەهێز ترم نەدیت کە لەبارەی ئایینمان نووسراوە، لەوانەیە پتر لە ٢٠٠ لاپەڕەم لەسەر نووسیوە (ان شاء الله) لەدوای ماوەیەکی کەم چاپی دەکەم!

بەیانی گەورەیی خولقی کەسێ ئایەت لە شائنی بێ

نەمەقدوری من و تۆیە نە ئیشی (قس)و (سحبان)ە[١]

* * * * *

وەکو ئاشکرایە، نەك لەم ١٤٠٠ ساڵەی رابردوو کە هیچ کەس نییە بەقەد محمدی خۆشەویست(d) باسی کرابێت بە چاکە بەڵکو دڵنیابە کە هیچ کەسێکیش نییە لەپشتی (بابە ادم)ی پێغەمبەرمان(d) تاوەکو ئیمڕۆ بەقەد محمد بەچاکە باسی کرابێت وەهەروەها باسیشی بکرێت (ان شاء الله)!

سەیری لایەنێکی تر بکە، ئەو کاتەی کە ناوەکەی دەبینم کە وشەی محمدە واتە: (ئەو کەسەی کە خەڵکان باسی چاکەی دەکەن)، وشەکە وەرگیراوە لەوشەی (حمد) وە جیوازی لەنێوان (الشکر والحمد) ئەوەیە، وشەی (الشکر) بەرامبەر چاکەیە کە لەگەڵت کراوە بەڵام وشەی (الحمد) بەبێ بەرامبەر باسی چاکەی دەکرێت[٢].

1- دیوانی: محوی، چ: ١، بغداد: ٤٢٢.

2- بروانە: الفروق اللغویة، ابي هلال الحسن بن عبد الله سهل العسكري (- ٤٠٠ك)، هە: محمد باسل، ط: ٤، مط دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٦ز: ٦٠.

هەر بۆیە هۆنراوەی (البرده المدیح) کە لەنووسینی (شرف الدین محمد البصیری مصری)یە(C)، وە تاوەکو ئیمرۆ بە رێك ترین هۆنراوە داندراوە لەسەر پێغەمبەرمان(D) بۆیە گەلی کورد توانیویەتی لە نزیکەوە هەست بەناسکی ئەم هۆنراوەیە بکاتو جێی پێی خۆیو جێی پێنووسەکەی بکاتەوەو ئەم هۆنراوەیە پتر لە ١٠ جار وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی چ بە هۆنراوە چ بەنووسین، هەر لە پێشەوە نووسەرو هۆنەرانی کورد (ملاصفوت، ملا حسین سعدی، ملا میوان ئاکۆیی، ملا رشاد مفتی، ملا شفیع)(V)، کە لەتیپی پێشەوەنە ئەم هۆنراوەیان کردووە بەزمانی کوردیو چاپیشیان کردووە.

(ملا محوی)(C) دەفەرمووێت:

بە ذکر و فیکری شیمەی موصطفە وەقتت موصەفاکە

کە باسی ئەو صەفا بەخشە طە رەب خێزە، دور ئەفشانە[1]

* * * * *

فروق اللغات، نور الدين الجزائري، هە: رضوان الداية، دمشق، ١٩٨٩ز: ١١٦، التعريفات، علي محمد الجرجاني، بيروت، ١٩٧٨ز: ٩٨، ١٣٨، عمدة الحفاظ في تفسير اشرف الالفاظ، للسمين الحلبي، هە: محمد باسل، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٦ز: حمد، شكر، المفردات ألفاظ القران، الراغب الاصفهاني، هە: صفوان داودي، دار القلم، بيروت، ١٩٩٢: حمد، شكر.

1- دیوانی: محوی: ٤٢٦.

تابلۆی دووەم

تەنیا شوێن کەوتوانت خۆشەویستی خوای گەورەنە !

گرنگترین شت لە ژیانی ئادەمیزاد ئەوەیە کە بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە، من لەم گۆشـەیەدا باسـی ئـەوە ناکـەم کـە جێـی پێـی خـۆی بکاتـەوەو جێـی پێـی خـۆی ببینیتـەوەو توانـای خـۆی بـەڕوونی بخوێنێتـەوە، بـەڵکو لـەم گۆشـەیەدا تـەنیا دەمانەوێت ئادەمیزاد بزانێت چ ئامێرێکی لەناو لاشەیە؟

چۆن دەژی؟

بە چ دەژی؟...

بتوانێت توانای خۆی بدۆزێتەوەو سنوور بۆ پێویستییەکانیشی دابنێت.

بەهیچ شێوەیەك ئـادەمیزاد ناتوانێـت خـۆی بدۆزێتـەوە تـاوەکو نەگەڕێتـە بـۆ وەڵامی دەیان پرسیار، هەر لەپێشەوە:

کەی دروست کراوە؟

بۆ دروست کراوە؟

کێ دروستی کردووە؟

لە کێ دروستی کرد؟

لە چ دروست کراوە؟...

ئەم شێوەیەش گەڕانە بەدوای بیری ئادەمیزاد، یـا گـەڕانی بـیری ئـادەمیزادە بەدوای سەرەداوە ونەکانو سەرەداوە ئالۆزەکان، کە بزانێت بیری ئـادەمیزاد پـتر لە (٠٠٠ ٠٠٠ ٥) ساڵە کەوتۆتە بیر کردنەوەو کارکردن بۆ دۆزینەوەی سـنووری ئـەو

تواناو دەسەڵاتەی کە دروستی کردووە، دلنیابە، تاوەکو پیتی ئەم وشەیەش دەنووسم، تاوەکو وشەی ئەم رستەیەش دەنووسم، ئادەمیزاد بەرێوەیە لەم بوارەو نەشیتوانیوە بگاتە هیچ سەرەداوێك بەرێکی تەنیا لەژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو نامەکانی ئاسمانی نەبێتو تەنیا لەکەلەنی فەرموودەکانی پێغەمبەرامانو پێغەمبەران نەبێت(d) !

بەڵێ من باسی گەرانم کرد بەدوای خودی خۆی، با بۆ کاتێکی تربێت بابەتی چۆنیەتی دابین کردنی پێویستییەکانی ئادەمیزاد دوای لەدایك بوونی!

ئا بەم شێوەیە کە هیچ بابەتێك نییە لەخوای گەورەت نزیك بکاتەوە تەنیا ئایینی خوای گەورە نەبێتو بەس یا ئەو بیرە رۆشنو پاکە نەبێت ئەگەر تۆزو گەردی دەوروبەری ژینگە لێلو بیرۆکە دۆراوو رماوەکان کاریان تێ نەکردبێت!

((أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الأَلْبَابِ))[1].

پێشەوامان دەفەرمووێت:

(كل مولود يولد على الفطرة فابوان يهودان او ينصران او يمجسان)[2]

واتە: هەر کۆرپەیەکی لەدایك دەبێت ئەوە خاوەن باوەڕەو بروای تەواوی هەیە، پاشان دەوروبەرەکەی، بەتایبەتی داكو باوکی دەیکەنە جوولەکەو دیانو ئاگرپەرست).

1- الرعد: ١٩.

2- بروانه: البخاري ومسلم، متفق عليه.

بۆیە زانینی ئایین هیچ سوودی نییە ئەگەر نەگەڕێیەوە لای نامەکانی ئاسمانی نەگۆردراوو دەست کاری نەکراو:

((أَفَتَطْمَعُونَ أَنْ يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَـهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ))(1) .

دوانامەی خوای گەورە کە قورئانی پیرۆزە هیچ سوودی لێوەرناگیرت تاوەکو نەیخوێنییەوە، خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزیش سوودی نییە تاوەکو تێی نەگەیت، لە تێگەینی قورئانی پیرۆزیش گرنگتر ئەوەیە کە کار بەفەرمانەکانی بکەی، لەکارکردن بەفەرمانی قورئانی پیرۆزیش بەسوودتر لەوەدایە کە کارەکانمان بە دڵسۆزی (الاخلاص) رابپەرێنین.

دڵسۆزیش لەکار کردن بە قورئانی پیرۆز سوودی نییە ئەگەر بەردەوامی لەگەڵ نەبێت، بەردەوامیش سوودی (البركە) نییەو دروست نابێت لەکار کردن بە دڵسۆزی ئەگەر خۆشەویستی راستەقینەی لەگەڵ نەبێت.

خۆشەویستی دروست نابێت تاوەکو زانیاریت بە بابەتەکە نەبێت.

وە دەبێ بزانی تاوەکو زانیارییەکەشت قووڵترو فراوانترو چرتر بێت ئەوە خۆشەویستییەکەت بێ سنوورو گەشەدارتر دەبێتو دڵسۆزیشت بەردەوامی لەکارەکاندا رەنگ دەداتەوەو دەنگ دەداتەوە.

((كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ))(2) .

1- البقرة: ٧٥.

2- الفاطر: ٢٨.

خوای گەورە بەزەیی بە (امامی غزالی)دا بێتەوە (C)و تاوانەکانی بسرێتەوە کە دەفەرمووێت:

(هلك الناس الا العالمون و هلك العالمون الا العاملون وهلك العاملون الا المخلصون وان المخلصين على خطر عظيم)[1].

واتە: ئادەمیزاد لەناوچوون تەنیا زاناکانیان نەبن، زاناکانیش لەناوچوون تەنیا ئەوانە نەبن کە کار دەکەن بەزانستەکەیان، کارکەرەکانیش بەزانستەکەیان لەناوچوون تەنیا دڵسۆزەکانیان نەبن، دڵسۆزەکانیش لە تاقیکردنەوەو گێروگرفتێکی ترسناك دانە. (Z)

((وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ))[2].

روونە، ئەوەندەی کە بەراستی لەخوای گەورە دەترسن ئەوە زاناو ژیرەکانن، زاناکان دەزانن بەرزیو گەورەییو توانای خوای گەورە چۆنەو ئەوان بەهۆی ئەم زانیاریانەیان لەتوانای خوای گەورە، ئەوە لێی دەترسنو دەزانن چ سزاو پاداشتێکی پر لە دادو یەکسانی هەیە.

((قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٣١) قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ))[3].

واتای بە کوردی:

1- بروانە: امامی غزالی محمد محمد محمد حامد، کە چەند جار لەنووسینەکانی باسی کردووە وە لەفەرموودەی زاناکانی شوێن کەوتوو (التابعين) دەچێت.

2- الرعد: ٢١.

3- آل عمران: ٣١-٣٢.

کاتێ خاچ پەرستانی ناوچەی (نجرانی/ حجان) هاتنەلای پێغەمبەر(d)و گفتوگۆیان کرد، خوای گەورە پێیانی راگەیاند:

(قُلْ): واتە بە شێوەی فەرمان ، وەهەروەها فەرمانەکەش لەسەرەوە بۆ ژێرەوە، واتە هەلسە ئەم پەیمانو بریارەیان پێ رابگەینە ئەی محمدی پێشەوا.

(إِنْ كُنْتُمْ): ئەگەر ئێوە، هەر هەمووتان.

(تُحِبُّونَ): خۆشتان دەوێت، دیارە خۆشەویستییان بەزمان راگەیاندوە، دیارە دەیانەوێت ئەم ووشەیە بکەنە سەرەتای دلسۆزییان بۆ ئەم ئایینە.

(تُحِبُّونَ اللَّهَ): گوایە خوای گەورەتان خۆش دەوێت، واتە: پێیان بلێ ئەگەر هەموویان دەلێن خوای گەورەمان خۆش دەوێت.

(فَاتَّبِعُونِي): ئەی محمد بفەرموو: وەرن شوێن کەوتووی من بکەون.

(يُحْبِبْكُمْ اللَّهُ): ئەگەر ئێوە شوێن کەوتوی محمد کەوتن، ئەوە خوای گەورە ئێوەی خۆش دەوێت.

(وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ): تاوانەکانیشتان دادەپۆشێتو دەسرێتەوە.

(وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ): هەر خوای گەورەیە کەوا لێبوردەو بەزەییە.

(قُلْ): دووبارە هەر لەهەمان بابەت بەشێوەی فەرمان: پێیان بلێ ئەی محمدی پێشەوا.

(أَطِيعُوا اللَّهَ) گوێرایەلو راپەرێنەری فەرمانی خوای گەورە بن.

(وَالرَّسُولَ) وەهەروەها لەدوای فەرمانی خوای گەورە گوێرایەلو راپەرێنەری فەرمانی پێغەمبەربن(d).

(فَإِنْ تَوَلَّوْا) ئەگەر ئێوە سەرپێچی ئەم فەرمانانەی خوای گەورەو پێغەمبەرمان بکەن.

(فَإِنَّ اللَّهَ) بزانن کەوا خوای گەورە.

(لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ) بە هیچ شێوەیەك بێباوەڕی خۆشناوێت.

* * * * *

جارێکی تر بە ووردی سەیری ئایەتەکە بکە:

((قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمْ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣١) قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ))

لەسەرەتادا بەشێوەی (الأمر) بابەتەکە دەخاتەڕوو، وە بەزەمینەی گفتوگۆیەکی ژیرو نەرم دەفەرموویێت: ئەگەر ئێوە، وەکو خۆتان دەڵێن، خوای گەورەتان خۆش دەوێت، واتە پەیرەوی یاسای خوای گەورە دەکەن، چونکە خۆشەویستی خۆ قەپێلك‌و رووی گەشی بێ ناوەرۆك نییە، وەرن شوێن پێغەمبەر(d) بکەون، لەم رستەیەدا چیت دێتە بیر؟

(فَاتَّبِعُونِي)، سەیرکە، یەکەم: پیتی (الفاو) کە بۆ (العطف للتعقيب) دێت، واتە یەکسەرو لەدوای یەك‌و بەبێ ماوە، دووەم: (اتبع) واتە وەرن یەکسەر شوێن پێغەمبەر(d) بکەوت، وەکو فەرمان (الأمر)، چیت دێتە بیر لەگەل وشەی (اتبع) شوێن کەوتن؟

واتە ئادەمیزاد هەر هەموو کەوتۆتە کاروانی ژیان، واتە چەندان رێگای لەپێشە، وە چەندان کەس هەیە ئەو مافە بەخۆی دەدات کە شوێنی بکەون بۆ گەیین بە شادی ژیان‌و گەڕانەوەی کامەرانی بۆ ئادەمیزاد، بەڵام ئا ئەوە خوای گەورەیە، ئا ئەوە فەرمانە، ئا ئەوە چەقی قورئانی پیرۆزە، داوا دەکات: وەرن شوێنکەوتووی محمد(d) بکەون، بەڵێ تەنیا شوێنکەوتووی محمدو بەس(d)، هەرهەمووتان

((فَاتَّبِعُونِي))، محمد خۆی بانگمان دەكات بەڵام بەفەرمانی خوای گەورەیە ئەم بانگ كردنە.

سێیەم: دەبێ لێهاتوو و ژیران بتوانن لە هەورازو نشێوی ژیان، بەراورد نێوان ئەو رێبازە پاكە بكەن كە محمد بۆی كردونە دیاری لەگەل ئەو رۆژە رەشەی كە بێباوەڕان بۆ ئادەمیزادیان هێناوە، لەروخان و توانەوەی بنەماكانی كۆمەڵایەتیو ئابووریو رامیاریو كارگێری.

دیارە هاوكێشەكە بەم شێوەیە دەست پێدەكات، (قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي).

بەڵام لەدوای ئەوەی كە خەلكان توانیان ببنە شوێنكەوتوی محمد(d)، وەكو خوای گەورە بڕیاریداوە كە رایپەرێنن، بەڵام لەدوای ئەوەی كە بڕیارەكە راپەرێندراو بوونە شوێنكەوتووی محمد(d)، ئەوە چاوەنوار بووین كە وەكو لەسەرەتای ئایەتەكە بۆمانی خستۆتە روو: ((قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي))، ئێمە بەپێی ئەو بۆچوونە كورتو لاوازو كزەی هەمانە چاوەنوار بووین كە خوای گەورە بیفەرموویایە: (تحبون الله) ئەوە خواتان خۆش دەوێت، واتە خۆشەویستی خوای گەورەتان جێبەجێ كرد كە دوای پێغەمبەرمان كەوتن! چونكە سەرەتایەكە بەدیار خستنی خۆشەویستی خوای گەورە دەستی پێگردووە، بەڵام ئەوە بەزەیی خوای گەورەیەو ئەوە زانیاری خوای گەورەیە، ئەم هاوكێشە بەشێوەیەك تەواو دەكات كە لە هەر هەموو شێوەكانی بۆچوونی ئادەمیزادو لەهەر هەموو بۆچوونی زانایانی پشتی پێغەمبەرمان (ادم) (d)و فریشتەكانو لەمەچێترەكان وردترو بە واتاترە، خوای گەورە نافەرمووێت: ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خۆش دەوێت ئەوە شوێنكەوتوی محمد بن دیارە خواتان خۆش دەوێت، بەڵكو هاوكێشەكە

ئاوەژوو دەکاتەوەو دەفەرمووێت: ((يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ)) واتە ئەگەر ئێوە دەڵێن: خـوای گەورەمان خۆش دەوێت ئەوە شـوێنکەووتی محمد بکـەون وە ئەگـەر واتـان کـرد ئەوە خوای گەورە ئێوەی خۆش دەوێت لەبەرامبەر ئـەوەی کـە خـوای گـەورەتان خۆش بووێت چونکە ئێوە بونە شوێنکەوتووی محمد(d)، سبحان الله.

بەڵێ ئا ئەوەیە پلەی محمد (d) لەلایەن خوای گەورە، سبحان الله.

ئا ئەوەیە بەرهەمی شوێنکەوتنی محمد (d)، سبحان الله، ئـا ئەمەیـە واتـای خۆشەویستنی خـوای گـەورە، سـەیرکە خـوای گـەورە چـۆن خۆشەویـستی خـۆی بەستۆتەوە بەشوێنکەوتنی محمد، واتە کاتێك دەلێی: مـن خـوای گـەورەم خـۆش دەوێت، خـوای گـەورە داوات لێـدەکات کـە پێـت بنێیـە جێـی پێـی محمـد (d)، شوێنکەوتەی ئەو بیت، ئەگەر تۆ بویە شوێنکەوتی محمد، خوای گەورە خۆی تۆی خۆشدەوێت لەجیاتی ئەوەی کە تۆ خوای گەورەت خۆش بوێـت.

پاشان خـوای گـەورە لـە دوای ئـەوەی کـە دەفـەرمووێت: مـن خۆشـم دەوێـت بابەتێکی (فایلێکی) تـری بـۆ کـردەوە و قۆنـاغێکی تـری خـستەڕوو: (وَيَغْفِـرْ لَكُـمْ ذُنُوبَكُمْ): تاوانەکانیشی دادەپۆشمو رەش دەکەمەوە، بەڵکو ئـەو بابـەتی دووەمـە بەلای منەوە سەرەتای خۆشەویستی خوای گەورە بـۆ ئـادەمیزاد، کـە داپۆشـینی تاوانەکانیەتی، لەکۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورە دوو ناوی جوانی خـۆی دەخاتـە بەرچاو کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئایەتەکەدا تێك دەکەنەوە، بەڵێ لەکۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورە (الفاصلە) دەفەرمووێت: (وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ).

* * * * *

مافی خۆتـە کـە بپرسـی: بۆچـی لـەکۆتایی ئایەتەکـەدا، ئـەم دوو نـاوە جوانـە هێناوە (وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)؟

وەهەروەها بشزانە کە خوای گەورە تاوانەکانتان دادەپۆشێتو بەزەییە.

بۆ ئەم دوو ناوە جوانە (غفور، رحيم)و بەس؟

چونکە هەموو بابەتەکان بانگ کردنی بێباوەرانە بەتایبەتی خاچ پەرستانی (نجران)، وە کاتێك ئەوانە گەرانەوە سەر رێبازی راستی ژیان ئەوە پێویستییان بە نامەیەك هەیە کە بیانگاتێ بۆ ئەوەی بزانن کە رابردووە رەشەکەیان رەش کراوەتەوەو داهاتووشیان بەرەو باوەشی جیهانی بەزەییو چاکەیە.

* * * * *

سەیری ئایەتی دوای ئەم ئایەتە بکە چۆن تەواو کەری یەکترن:

لەدوای ئەوەی کە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی بەستەوە بە شوێنکەوتنی محمد (d)، دەفەرمووێت:

(قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ) ئەی محمد پێیان رابگەینە: فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکەن وە فەرمانی محمد جێبەجێ بکەن، لەدوای یەکترو بەبێ وەستان، ئەم پلە بەرزە بێ هاوتایە گەورەترین ریزە کە خوای گەورە لە محمدی ناوە، وە لەدوای ئەم پلە بەرزە ترسێك دەخاتە دڵو هەورازێك دەخاتە بیر، کە راستەوخۆ هەرکێ لەشوێنکەوتنی محمد دوابکەوێتو هەرکێ فەرمانی محمد(d) دوابخات ئەوە بێباوەڕە!؟:

((فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ))

واتە: ئەگەر یەکێك، سەیری پیتی (الفاء) بکە چۆن بۆ یەکسەر (للتعقيب) بێ دواکەوتن دێت، هەر کەسێك پشتی لە شوێنکەوتنی محمد کرد، ئەوە خوای گەورە بە بێباوەری داناوەو خوای گەورەش بێباوەری خۆش ناوێت، واتە ئەگەر لە ئایەتی پێشوەوە خوای گەورە دەفەرمووێت:

واتە: خوای گەورە بـە راسـتەوخۆ دەفـەرمووێت: ئەوانـەی کـە شـوێنکەوتووی محمدن (d) من خۆشم دەوێن، وەهەروەها لـەم ئایەتـەدا بۆمـان دوولا بـۆوە کـە ئەوەی پشت لە پێغەمبەرمان بکات ئەوە خوای گەورە خۆشی ناوێـتو تاوانکـارە، ئائەمەیە پلەی خۆشەویستی خۆشەویستانت ئەی خوشكو برای موسلمان.

* * * * *

تـابلۆی سێیەم

قورئـانو زانست بەڵگەی پاکیتە!

ئەگەر بەوردی سەیری واتای ئەم سێ ئایەتە بکـەین، لەنزیکـەوە دەبیـنین کـە خـوای گـەورە بـە چ شـێوەیەك پـەیامی پێغەمبـەرمانی(d) خـستۆتەڕوو و لـە چ هێزێکی پتەوی بەستۆتەوە:

((وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (٢) إِنَّكَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ (٣) عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ))[1].

سەیرکە:

سوێند بە قورئانی پیرۆز کە نامەیەکە پڕە لە زانستو زانیاریو ژیـری، لـەدوای ئەوەی کە خوای گەورە سوێند دەخـوات بـە قورئـانی پـیرۆز، سـوێند خـواردنیش شێوەیەکی گفتوگۆیە، وەکو ئاگادارم بەکار دێت بۆ دوو شت:

١- ئەگەر بەرامبەرەکەت تاوانێکـت بخاتـە پـاڵو تـۆش بتەوێـت پـاکی خـۆت بخەیەڕوو ئەوە سوێند دەخۆی بەو شتە گرنگانەی کە مایەی گرنگینە.

٢- بەکار دێت بۆ خستنەڕووی ئەو شتانەی کە گـرنگن بەرامبەرەکـەت ئاگـادار دەکەیەوە لەم گرنگیەی کە لەوانەیە ئاگاداری پلەو ریزو نرخەکەی نییە.

کەواتە چ لە خاڵی یەکەم کـە لادانـی تاوانـە لەسـەر کەسـی یەکـەم، چ لـەخاڵی دووەم کە خستنەڕووی ئەو شتەیە کە لێی بێ ئاگاینە، ئەوە دەبێ بزانین بۆ خوای گەورە هەیە، سوێند بە دروست کراوەکانی خـۆی بخـواتو وە سـوێند بـە خۆشـی

1- یس: ٢-٣.

بخوات، بەڵام بۆ موسڵمانان نارێکە جگە لە خوای گەورە سوێند بە هیچ شتێکی تر بخوات!

سوێندی خوای گەورە بە دروست کراوەکانی، وەکو:

((وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا))[1]، ((وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ))[2]، ((لَعَمْرُكَ))[3].... بۆ سەرنج راکێشانو هۆشیار کردنەوەی ئادەمیزادە لە نرخو پلەی سوێند پێ خوراوەکە.

جارێکی تر سەیری ئایەتەکە بکە: (وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ)، سەیرکە وشەی (الحكيم) بۆ گیانلەبەر بەکار دێت، وە وشەی (ذات الحكمة) بۆ بێگیان بەکار دێت، بەڵام خوای گەورە ئەم قورئانە پیرۆزەی بەشێوەیەك داناوە کە بەراستەوخۆ پێمان دەڵێت، چۆن ئەندامی هەر گیانلەبەرێك ئەگەر نەمێنێت جا بەچ شێوەو هۆیەك بێت ئەوە دەبێتە مایەی بەربوونی خوێنو توانەوەی ئا بەم شێوەیەش قورئانی پیرۆز، ئەگەر هەر پیتو وشەیەکی لابدرێت، واتاکەی نامێنێتو لەپلەی اعجاز کە گیانی قورئانی پیرۆزە دادەبەزێت! ؟

چونکە قورئانی پیرۆز بە هەردوو پێك هاتەکەی: (داڕشتنو واتا)ی اعجازە!

لادانی هەر سەرو بۆرو ژێرو چوکلە (الفتحة والضمة والكسرة والشدة)و پیتێك رازی (السر) واتاو داڕشتنەکەی قورئانی پیرۆز ئاوەژوو دەکات، بۆیە خوای گەورە بە (الحكيم)ی داناوە کە لە پلەیەکی زۆر بەرزەو شێوەیەکی رەوانبێژییە، وە وشەی (حكيم کێشەکەی فعیل)ە.

1- العاديات: ١.

2- التين: ١.

3- الحجر: ٧٢.

(إِنَّكَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ)، سەیرکە یەکسەر خوای گەورە روو لە پێغەمبەرمان(d) دەکات (إِنَّكَ)، ئاگاداری کە رۆڵی پیتی گوێگرتن (الکاف) چ توانایەك بەواتاکە دەدات، واتە بە پیتی دووپات بوونەوەو سووربوون لەسەر بابەتەکە (التوکید) (أن) وە بە رووبەڕوو بوونەوەی پێغەمبەر (d)!

بەردەوامە خوای گەورە لەگەل پێغەمبەر بۆیە ئەم جارەیان رۆڵی ئایینەکەی دەخاتەڕوو: (عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) واتە: لەسەر رێبازێکی راست دای، ئا ئەم ئایینی ئیسلامە رێگای راستی ژیانە، ئەگەر زانایانی ئەندازیاری دەفەرموون، لە نێوان دوو خاڵدا تەنیا یەك هێلی راست هەیە یا نزیکترین ماوە لەنێوان دوو خاڵدا هێلێکی راستە (اقرب المسافة بين النقتطين خط المستقيم)، ئەوە دڵنیابە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: لەنێوان ئادەمیزادو بەختەوەریەکەیدا تەنیا ئایینی ئیسلام هەیەو بەس، خۆ دەیان رێگا لەبەر ئادەمیزادە بۆ گەیشتن (گوایە) بە بەختەوەری‌و شادی‌و ئاسوودەیی:

((وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ))[1].

((اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنْ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمْ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنْ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ))[2].

بەڵام ئەم کوێرە رێگایانە وەکو لەبەر چاو دیارە، نەك تەنیا هەر مێژوو بۆمان دەگێرێتەوە، چۆن ئادەمیزادیان لەخشتە برد لەنیوەی رێگا هەورازی (ایدن)و

1- الانعام: ١٥٣.

2- البقرة: ٢٥٧.

قــەیرانی گەنــدەڵی‌و نــشێوی کوشــتن‌و کــوێرەرێی مــادە سەرۆخــشکەرەکان‌و خۆکوشتن‌و وێران‌و سوتان‌و داگیرکردن.... ئادەمیزادی تواندەوە، بەڵکو رۆژانە خۆمــان لــەناو لاپــەرەکانی مێــژوودا دەســووڕێینەوەو خۆمــان دیــواری مێــژوو بەرزدەکەینەوەو خۆمان دەزانین کاروانی ئادەمیزاد لەبەرامبەر ئەم هەموو لەودە چەك‌و تەقەمەنیانەداو لەناو ئەم هەموو قەیرانانەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رامیاریانەدا بەرەو کام هەردێر دەچێت‌و کام نشێوی ژیان چاوەڕێیانە ! ؟

((ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ))(١).

* * * * *

سەیرکە خوای گەورە لەدوای ئەوەی کە سوێندی بە قورئانی پیرۆز خوارد، بۆ ئەوەی کە ئاگادارمان بکاتەوە لە ریزو پلەی محمد (d) لە چ ئاستێکە وە راستەوخۆ بۆمان روون دەکاتەوەو دەیخاتەڕوو: ئەگەر دەتانەوێت بزانن پەیامی محمد (d) چۆنەو ناوەرۆکەکەی چەند پتەو بەسوودە بگەڕێوە بۆ واتای قورئانی پیرۆزو داڕشتنی قورئانی پیرۆز، هەر چەند وردی قورئانی پیرۆز روونەو بەڵگە نەویستە ئەوەندەش پەیامی محمد (d) بەڵگە نەویست‌و پتەوە.

واتە: ئەم قورئانە پیرۆزە هەرچەند پرە لەواتا هەرچەند وردە لایەنی داڕشتنی‌و هەرچەند ئادەمیزاد وەستاو لە توانا کەوت کە بتوانێت نامەیەکی وەکو ئەم قورئانە پیرۆزە بهێنن، ئەوە ئەم هەموو ماتە ووزانە بەڵگەیەکی روونن لەسەر

1- الروم: ٤١.

پەیامی محمد (d) کە راستەو پێغەمبەری خوای گەورەیە وە گەورەترین دیاری خوای گەورەی بۆ ئادەمیزاد هێناوە کە رێگای راستی ژیانە.

* * * * *

خوای گەورە لە سوورەتێکی تردا دەفەرموویێت:

((وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ))[1].

واتە: سوێند بە خامە (یا بە پێنووس) دەخۆم، وە سوێند بەو دێرانەش (الخط، السطر) دەخۆم کە پێنووس دەینووسێت، وە لەئایەتی دووەمدا دەفەرموویێت: تۆ ئەی محمد (d) بەو چاکە و پلەیەی کە بۆم ناردوی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆت هاتووە، واتە ئەو قورئانەی کە بۆم ناردووی نەبۆتە مایەی لێ تێك چوونو سەر لێشێواویت تۆ شێت نەبوویت.

لەبەرامبەر ئەم دوو ئایەتە بوەستەو بیرت بخەکار، هەستت جۆشدە، سەیر کە چۆن خوای گەورە بەشێوەیەکی روونو راستەوخۆ نەك بە خواناسان بەڵکو بەهەموو ئادەمیزاد دەڵێت:

تاوەکو بیر لە زانستو زانیاری بکەنەوە، تاوەکو زانستو زانیاریتان قوولو چرو فراوانتر بێت، تاوەکو بەرهەمی پێنووس بکەوێتە بازاڕی خوێندنەوەی ئادەمیزاد، ئەوە پتر بۆتان دەردەکەوێت کە ئەم پێغەمبەرە (d) خاوەن نامەیەکی پتەوەو پەیامەکەی دوورە لە ناتەواویو خۆشی بەهۆی هاتنی ئەم نامەیە دوورە لە نادروستی!؟

1- ن: ١-٢.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم ئایەتانە بکەین بۆمان دوولا دەبێتەوە کە چۆن خوای گەورە لەم ئایەتەدا راستەوخۆ پلەی محمد (d) بەرز دەکاتەوە، راستەوخۆ چۆن پلەی پێغەمبەرمان دەپارێزێت بەتوانای زانستو زانیاری، راستەوخۆ پێمان دەلێت زانستو زانیاری تاکە بەلگەیەکە لەسەر پاکی نامەو پەیامی محمد (d) !

جارێکی تر وەرەوە سەر ئایەتەکە:

((وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)).

سوێند خواردن بە پێنووسو بە دێرەکانی نووسین:

ئەگەر لەچەرخی ئەنتەرنێت (تۆری جالجالۆکەی جیهانی: WWW) و عَولمەو عَلمانیو لێك بوونەوەی ناوكو کۆشکە هەوربرەکانو... هتد، کەسانێك لە هۆنەرو نووسەران سوێند بخوات بە پێنووس یا بە دێرەکانی نووسین ئەوە شیاوەو هەر زۆربەمان بەلامانەوە ساکارەو گونجاوە، بەلام وەرە خوارەوە بە تاریکستانو رۆناکستانی مێژوو، نەك ٥٠٠ سالْ یا ١٠٠٠ سالْ لەمەوبەر بەلکو پتر لە ١٤٠٠ سالْ لەمەوبەر، لەشارێکدا کە هەر هەموو شاری (مکە)ی رەنگین، ٥٠ نووسەری لێنەبووەو لەناوچەیەك کە لە ٢٪ یان نەیانزانیوە چۆن پێنووس بەکار بهێنن، خوای گەرە دەفەرمووێت:

((وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)).

لێرەدا بابوەستینو سەیری لایەنێکی تری ئایەتەکە بکەین:

کە سوێند دەخوات نە باسی پێنووسی خواناسان دەکات! نە باسی ئەو (دێر)انەش دەکات کە لەبواری زانستەکانی قورئانو فەرموودەیە! بەلکو

بابەتەکەی بە بەرفراوانی (المطلق) وەرگرتووەو ئاماژەی بۆ هیچ جۆرە نووسینو زانستێك نەكردووە.

كەواتە وەكو لەسێبەری ئایەتەكە دەردەكەوێت، خوای گەورە پێمان دەفەرمووێت:

ئا ئەوە بوارەكانی زانستی بەهەموو رەنگەكانیانەوە، ئا ئەوە بەرهەمی خامە لەسەرجەم بابەتەكانی زانستو وێژەوە، بێنن بیخەنە بەر بیرو بیكەنە چاویلكەو سەیری ئەم پێشەوایە (d)و نامەی ئەم پێشەوایەی پێبكەین بزانین لەسەر رێگای راستی ژیانە یا نا؟

((وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)) .

* * * * *

بیرت بخەكار، ئاخۆ لەواتای ئایەتی ئەم دوو سورەتانەدا چیت بۆ دەركەوت؟

((وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (٢) إِنَّكَ لَمِنْ الْمُرْسَلِينَ (٣) عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)).

((وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ (١) مَا أَنْتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)) .

هەستت بەوە كرد كە خوای گەورە لە ئایەتەكانی ئەم دوو سورەتەدا تەنیا لە دوو سەرچاوەدا ویستویەتی پەیامی محمد (d) بنرخێنێت، كە قورئانی پیرۆزو زانیاریو زانستە.

هەستت بەوە كرد كە خوای گەورە لەم ئایەتانەدا چۆن رووبەرووی بێباوەڕان دەبێتەوەو سوێندیان بۆ دەخوات كە ئەم محمدە (d) لەسەر راستییە وە گەورەترین بەڵگەش لەم راستییەیدا ئەم قورئانە پیرۆزەیەو ئەم داهێنانەی بیری ئادەمیزادە، تاوەكو ئادەمیزاد لەبوارەكانی زانستی كیمیاو فیزیاو زیندەوەرزانیو مێژوویيو جوگرافیاو یاساییو پزیشكیو دروستیو كشتوكاڵیو ژمێریاریو...،

تاوەکو موسڵمانانو بێباوەران بەرامبەر واتاو دارشتنی قورئانی پیرۆز بوەستنو لەئایەتەکانی بکۆڵنەوەو توێژینەوەی زانستییانەی لەسەر بکەن، ئەوە بۆیان روون دەبێتەوە کە پێغەمبەرمان (d) خاوەنی پەیامی ژیانە، خاوەنی راستە رێگای ژیانە، بەڵێ ئاینی ئیسلام، ئاینی ژیانە وە دوورکەوتنەوەش لە پێغەمبەرمانو ئاینی ئیسلام دوورکەوتنەوەیە لەبەرژەوەندی ئادەمیزاد.

* * * * *

هیچم نایەتە یاد تەنیا یاری خۆشەویستمان (d) (سلمانی فارسی) (c) نەبێت کاتێ کە تەمەنی ٦٠ساڵ بوو وە ٦٠ ساڵیش موسڵمان بوو، کاتێ کە هاتە شاری شاران شاری، شاری روناك کەرەوەی دلان (المدينة المنورة)، لەدوای ئەوەی کە هەواڵی رێکی ئاینی ئیسلامی بیستبوو لە ئاوایىو شارەکانی (شام)و زانستی تەواوی وەرگرتبوو لەبارەی ئاینمانو پێغەمبەر (d) لەگەڵ کاروانی (المدينه) کەوتە رێگا بەمەبەستی ئیسلام بوونو دیتنی پێغەمبەری خوای گەورە، وە لەرێگا لەگەل کاروان چییەکان کە هەندێکیان یارانی پێغەمبەرمان بوون، بەدرێژی باسی کەسایەتی پێغەمبەرمانی (d) بیستبوو و وە پێیان وتبوو کە محمد (d) ئەو کەسایەتییەیە کەوا:

هەردەم زەردەخەنەی لەسەر لێوەکانە، هەردەم هاورێی هەژارەکانە، هەردەم خەڵکان گوێ لەوتەکانی دەگرن، هەردەم کاتەکانی بۆ رێکخستنی ریزی کۆمەڵو چارەسەری گیروگرفتی کۆمەڵە، کەسانێکە بێ فیزو بێ لافە، لەگەڵ خەڵکە لێکی ناکەیتەوە چ لە بەرگو چ لەشێوەکانی هەڵسوکەوتی ژیان وەکو رۆیشتن بۆ لای نەخۆشو هاتن بۆ مزگەوتو سەردانی هاوبیرانو خواردنو خواردنەوە، ئیتر ئەم هەموو زانیاریانەی لە بیردا کۆببۆوە کە گەیشتە شاری شاران، شاری مدینەی

رەنگین، هەرکە گەیشتە چەقی بازاڕ، رووی لەیەکێك کردوو و فەرمووی تۆ پێغەمبەری خوای گەورەی، یارەکەی پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر من ئەو (فلان) یارەم، رووی لە پیاوێکی تر کردوو پێیووت تۆ پێغەمبەری؟ فەرمووی: نەخێر من ئەو یارەم، ئیتر تاگەیشتە پێغەمبەر چەندان یاری پێغەمبەرمانی بە پێغەمبەر (d) دانابوو!

چونکە نەیپرسیبوو پتر لە ٨ کەسی بە پێغەمبەر دانابوو لەشێوەی گفتوگۆو رووگەشیو جلوبەرگو بێ لافی، بۆیە هۆنەری کورد، (ملا محوی) لوتکە (c)، ئەم روداوەی لە تەنیا یەك دێردا تواندۆتەوەو هۆنیتەوە بەبۆیەی پیتەکانی تابلۆکەی رازندۆتەوەو دەفەرمووێت:

لە نوری پێغەمبەرە ئەوەندی منعکس بوو بوون

غەریبی تازە هاتوو وەیدەزانی پێغەمبەرستانە

* * * * *

یادی لەدایك بوونی پێغەمبەرمان
(دروودی خوای گەورە لەسەر گیانی بێت)

(محمـــد) بـــوو كـــەوا دنیـــای سەرانـــسەر شـــادو گوڵـــشەن كـــرد
(محمـــد) بـــوو كـــە ژیـــانی تاریكـــستانی ڕەوشـــەن كـــرد
(محمـــد) بـــوو كـــە بـــانگی دا : دادو ئاشـــتی برایـــەتی
بـــوو بـــە بوومەلـــەرزەی كۆشـــكی چەوســـانەوەو شـــایەتی
(محمـــد) بـــوو كـــەوا فـــەرمووی : (مـــن مـــات ولم یغـــزوا)[1]
دەبـــێ چـــەكی خـــەبا تمان بـــێ خـــەباتی مـــوئمینی زینـــدوو

(محمـــد) بـــوو قـــەڵای كـــوفری لەڕیـــشە هێنایـــە دەر
بـــوو بـــە پێـــشەوای ڕا پـــەڕین دژی كوێلـــەو دەربـــەدەر
ئیمـــڕۆ لـــەیادی هـــاتنی ئـــەم رەحمـــەت و ڕابـــەرە
دنیـــا گەشـــاوەو ســـەیرانە چـــەژنی ژیـــرو ڕەنـــج دەرە
ئـــاگری گـــرت شـــەوە زەنگـــی ڕێـــازی ژیـــانی بەشـــەر
بـــێ كـــەس و برســـی بـــەتێكرا بـــاغی هیـــوای هاتـــە بـــەر

1- فەرموودە: بڕوانە: (مَن مات ولم یغزوا ولم یحدث نفسه لغزو مات على شعبة من نفاق) رواه مسلم.

پانـــایی مێـــژوو شـــاهیدە ســـەردەمی ئـــەم ڕەحمەتـــە
ژێـــرو زانـــاو لێهـــاتوو تـــاجی شـــادی كـــردە ســـەر

بێـــژە پـــیرۆزە لـــە گـــشتی یـــادی ڕابـــەری ژیـــان
یـــادی (امـــین) و (شـــەورۆیی) یـــادی هـــاتنی قـــوران[1]
ســـەیری رابردووكـــە : هـــەردەم ئاشـــكرایە ئاشـــكرا
ئیـــسلام نـــەزانی رامـــالی چـــرای زانـــست پـــێ كـــرا

گـــوێگرە چـــۆن بـــە یـــەك ئـــاواز: دانـــاو ژێـــری زەمـــین
دەڵێن (محمـــد) رەحمەتـــە[2] لـــە بـــۆ گـــشت گۆشـــەی زەمـــین[3]

* * * * *

1- الاسراء: واتە شەورۆیی.

2- بروانە ئایەتی: الانبیاء: ١٠٧.

3- نركەی هۆنراوە، دكتۆر سيد بكر بەرزنجی: ٢٢.

(شارەدێی بەرزنجە لە روانگەی ملا بێخود)

(مـلا بێخـود)ی[1](C) هۆنـەری خوانـاس لـەبارەی گونـدی دێـرینو دڵگـیری (بەرزنجە) دەفەرموویت:

گلــی یاقووتــە تــۆزی عەنبــەری ســارایە بەرزنجــە
گیــای زمرووتــە بــەردی گەوهــەری یەکتایــە بەرزنجــە
لەلای کوێر گەر بینای وەك دۆزەخـە ئـەمما لـەلای چـاو سـاغ
وەکــو قەصــر و قوصــووری (جنــە المــاوی)یــە بەرزنجــە
مــەگافی یادگــاری شێــری یــەزدان و(حــسینین)ە
زیــارەت گــاهی ئــالی حــەضرەتــی طاهــا یــە بەرزنجــە
نــەوەك هــەر کانیــاوی عــەینی شــەهدو شــیرو تەســنیمە
درەختیــشی لــەلای ئــەربابی خــۆی گووبایــە بەرزنجــە
بلــێ رووی تــێ نەکــەن دەجــال و فیرعــەونی زەمــان (بێخــود)
کــە جــەولانگاهی شــێخ عیــسا و شــێخ مووســایە بەرزنجــە

* * * * *

1- بروانـە: دیـوانی بێخـود، کۆکردنـەوەی (محمـدی مـلا کـریم)، بغـداد، چـاپخانە: سـلمان الاعظمـی، ١٩٧٠ز، ٧٩.

ئەمەش تەنیا چەند دێرێکە لە دیوانی (صابری) (C) لوتکی تەسەوف:

عالـەمی کـردە جـسد نـوری حبیبـی کـردە روح
بۆیە وا هـەرماوە نـاخنکێ بەسـەد تۆفـانی نـوح
خوا بە قورئانی موبینی افضالی ئەو ئـەکا اثبـات
کافیـە شـق القمـر میعـراج و بـاقی مـوعجزات[١]

وە لە هونراوەیەکی تردا دەفەرمووێت:-

چـاوی بـازی تـا بخـوێنی ئایـەتی (ایـن المفـر)
جان و دل بێ فەرر ئـەبن وەك کـۆتری بـێ بـال و پـەرر
خـۆت ئـەزانی بەندەیـەکم بـێ گونـاهو دەسـەلات
یەعنی چی چـاوو بـروت دائـم لەگـەل مـن دێنـە شـەر

تـا بـە نـووری حوسـنی تـۆ روناکـە ئـەرز و ئاسمـان
هـەروەکو تۆفـان نـەما فـەرقی مـەیانی بـەحر و بـەرر
تـۆ لـە سـورەی زولزلـە تـێ فکـرە ئـازارم مـەدە
خەیر و شەرر ئیفشا ئەبێ سوچـم نیـە میـسقالە زەرر[٢]

* * * * *

1- دیوانی صابری (کەرکوك/ گوندی شۆرجە ١٨٨١- کەرکوك/ گوندی شۆرجە ١٩٤٤ ز) چاپی یەکەم، کەرکوك چاپخانەی شارەوانی، کۆکردنەوەی شێخ ستار عبدالله بەرزنجەیی ١٩٦٩ز/ ١٣٨٨ك/ ٢٦٦٩کو: ٣٢.

2- دیوانی صابری: ٧٧.

خەلیفــەو بنەماڵــەی شــێخانی بەرزنجــەی لەدیــدی شــێخ رەزا (رضـــا)ی تالەبانی(C):

شـێخ رەزای هۆنـەری نـاودار کـە بەناوبانگـە بـەهۆنراوەی داشـۆرین (الهجـوء) هـەردەم شـاناز بـووە بەبنەمالـەی شـێخ معروفـی نـۆدێ‌و ولیـانی (V)و پیرانـی تەریقەت‌و پیرانی دادو زانست‌و برایەتی بۆیە ئەم دڵسۆزیەی لـەناو چـەند دێرێکـی ناسکی خنجیلانـەدا تواندۆتـەوەو توانیویـەتی راسـتەوخۆ سـنووری خۆشەویـستی خۆی بۆ بنەماڵەی بەرزنجییەکان دیاری بکات:

(ستایشی کاك ئەحمدی شێخ)

مەربووتە(١) حەیاتم بـە سـولەیمانی وو خـاکی
خۆزگەم بە سـەگی قاپییەکـەی ئەحمـەدی کـاکی
ئـەو قـودرەتی سـاداتە کـە سـوککانی سـەماوات
شەریانە لەسەر سـەجدە ئەبـەر مەرقـەدی پـاکی
ئەو مەرقـەدی والایـە کـە وەك عەرشـی موعـەللا

1- هۆنراوەکـەم وەکـو خـۆی نووسـیەوە لـەبارەی داڕشـتن، وەکـو مـن بـزانم شـێخ رەزاو هۆنـەرانی سەردەمی ئەو وشەی عەرەبیان هەر بەعربی نووسیوە نەك بە کوردی بەڵام چـیم دیـت لـە دیوانەکـە وام نووسیوە !.

مەحفووفە[١] بە زوووراری مەلەك دەوری شوباكی[٢]
بۆ دەست و عەسا نازەكەكەی داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی دەبم سۆل و سیواكی
دنیا لە دووای حەزرەتی شێخ زێر و زەبەر بێ
وەك تاجی كەی و جامی جەم و بەختی زوحاكی
دەرهەق بەحەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابی و داكی
بەم حالە پەرێشانەوە باز ئەشهەدو بیللاهـ
شعرت تەرەب ئەنگێزە رەزا شاعیری چاكی[٣]

* * * * *

1- وشەی مەحفووفە واتە محفوف واتە دەوری دراوە، بەڵام شوكر مصطفی بەواتای محفوزی داناوە: ١٢١، ئەمە وانییە.

2- هەرچەندی كردم نەمتوانی دەست كاری ئەو واوە زیادە بكەم كە لە وشەی زوووراری نووسراوە چونكە وەكو خۆی نووسراو بێت باشترە.

3- بڕوانە: دیوانی شێخ رەزا، ساغ كردنەوەی شوكر مصطفی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوكراوەی ئاراس، ٢٠٠٠ز، چاپ: یەكەم: ١٢٠-١٢١.

چەند سەرچاوەیەك لەدوای قورئانی پیرۆزدا :

١- التعريفات، علي محمد الجرجاني، بيروت، ١٩٧٨م.

٢- الجامع الصحيح للإمام محمد بن إسماعيل البخاري، مع شرحه فتح الباري للحافظ ابن حجر العسقلاني، مط: السلفية- القاهرة- ط: ١، ١٣٨٠هـ.

٣- الجامع الصغير من حديث البشير النذير، السيوطي (٨٤٩هـ-٩١١هـ). ط: ١.

٤- الجامع لأحكام القرآن، لأبي عبد الله محمد بن أحمد الأنصاري القرطبي، مط: دار الكتاب العربي لطباعة والنشر، القاهرة، ١٣٨٧هـ-١٩٦٧م (لەبەر گرتنەوەی چا: دار الكتب).

٥- دلائل الخيرات ابو عبد الله محمد الجزولي، الوسام، ١٩٨٢م، بغداد.

٦- ديوانی بێخود، بغداد، چ:١، ١٩٧٠م.

٧- ديوانی محوی، هە: مامۆستا عبد الكريم مدرس و محمد مامۆستا عبدالكريم، بغداد، چ:١، چا: كۆری زانیاری كورد، ١٣٩٧ك.

٨- الشوقيات، احمد شوقی، چ: ١.

٩- صحيح البخاري، دار المعرفة، بيروت (صحيح البخاري بشرح الكرماني، مصر، مط: البهية، ١٣٥٦هـ).

١٠- عمدة الحفاظ في تفسير اشرف الالفاظ، للسمين الحلبي، هە: محمد باسل، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٦م.

١١- فروق اللغات، نور الدين الجزائري، هە: رضوان الداية، دمشق، ١٩٨٩م.

١٢- الفروق اللغوية، ابي هلال الحسن بن عبدالله سهل العسكري (- ٤٠٠هـ)، هە: محمد باسل، ط: ٤، مط: دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٦م.

١٣- المفردات ألفاظ القران، الراغب الاصفهاني، هە: صفوان داودي، دار القلم، بيروت، ١٩٩٢م.

١٤- نامەیەكی كراوە، سيد بكر بەرزنجی، هۆنراوە، دەست نووس.

١٥- نركەی هۆنراوە، سيد بكر بەرزنجی، چ: ١، ١٤٢٧ك، هەولێر.

* * * * *

چالاكییەكانی نووسەر

(سيد بكر سيد غريبی سێتاقان سيد فرج غەزایی بەرزنجی) (هەولێر/ سێتاقان ١٩٥٦ز-)[1]

- لەسالّی ١٩٧٨ز خانەی مامۆستایانی تەواو كردووە.

- لەسالّی ١٩٩١ز بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لەزمانی عربی لەكۆلیجی پەروەردە/ زانكۆی صلاح الدين وەرگرتووە.

- لەسالّی ١٩٩١ز بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لەزمانی عربی لەكۆلیجی پەروەردە/ ابن الرشد/ زانكۆی بغداد دووبارە وەرگرتووە.

- لەسالّی ١٩٩٦ز بڕوانامەی ماستەری لەزانستی قورئانی (موازنة اسلوبية في القران الكريم) لەزانكۆی بغداد وەرگرتووە.

- لەسالّی ١٩٩٩ز بڕوانامەی دكتۆرای لەزانستی قورئانی پیرۆز (كتابة كتب المتشابهات حتى القرن السابع الهجري اهدافها ومناهجها) لەزانكۆی (دولة العربية/ بغداد) وەرگرتووە.

- لەمزگەوتی الاعجاز هەر لە ١٤١١ك، ٢٦٩١كو، (تاوەكو ئێستا ١٤٣٢ك) وتاری هەینی پێش كەش دەكات.

- چەندان پیشانگاو كۆری لەبارەی اعجازی قورئانی پیرۆز لەهەولێرو شارەدێكانی دەورووبەری رەوانبێژی پێشكەش كرووە.

* * * * *

1- زۆر جار ئەم زانیاریانە بەهەلە بلاّودەكرێتەوە بەتایبەتی لە نووسینەكانی مصطفى نەریمان.

لەبڵاوکراوەکانی دکتۆر سید بکر بەرزنجی

١- (پێناسەکەم)، هەولێر، چ: ١، چا: شارەوانی، ١٣٩٧ك-١٩٧٧ز.

٢- (لەگەل روانگەی وشەکانم)، چ: ١، هەولێر، ١٤٠٤ك-١٩٨٤ز.

٣- (خۆزگە لەناو لە پتان دەبووم)، چ: ١، هەولێر، ١٤١٠ك-١٩٩٠ز.

٤- (نووستن فێری چیتان دەکات)، چ: ١، هەولێر، ١٤١٣ك-١٩٩٤ز.

٥- (جیهانێکی وون)، چ: ١، هەولێر، ١٣٩٨ك-١٩٧٨ز.

٦- (گەورەترین دەسەڵات) چ: ١،، هەولێر، :١٣٩٩ك-١٩٧٩ز.

٧- (نزیکترین دەرمانخانە)، (زانستی قورئان)،چ:١، چا: الحوادپ، بغداد، ١٤٠٢ك-١٩٨٢ز.

٨- (بەری ئەم لافاوە بگرن) ١ - ٧ بەرگ، چ: ١، هەولێر، ١٤١٣ك-١٩٩٣ز.

٩- (دیاری سەنگەر)، هەولێر، چ: ١، ١٤١٤ك-١٩٩٤ز.

١٠- (موازنة أسلوبية في القران الكريم)- نامەی ماستەر، زانکۆی بغداد، چ:١، ١٤١٧ك-١٩٩٧ز.

١١- (كتب المتشابهات أهدافها ومناهجها الى القرن السابع الهجري)، نامەی دکتۆراه لەزانکۆی دولة عربية (پەیمانگای مێژوو عربی بۆ خوێندنی بالا) لەبغداد، چ:١، ١٤٢٠ك-١٩٩٩ز.

وە هەروەها پرۆژەی وەرگێرانو راڤەکردنی قورئانی پیرۆزی دەست پێکرد بەناونیشانی (گیانی ژیان) (روح الحياة) کە لە (١٢٠) بەرگ پێك هاتووە وە تائێستا تەنیا بەرگی:

١٢- (گیانی ژیان) (سورة الفاتحة)، بەشی: ١، هەولێر، ١٤٣٢ك (دەست نووس).

١٢- (گیانی ژیان) (سورة العنكبوت)، بەشی: ٤٢، هەولێر، چا: ماردین، چ: ١، ١٤٢٤ك.

١٢- (گیانی ژیان) (سورة العصر)، بەشی: ١٠٦، هەولێر، چا: الاو، چ:١، ١٤٢٥ك.

١٣- (ئێوە دەڵێن چی)، هەولێر، چ: ١، ١٤١٣ك-١٩٩٣ز.

١٤- (أسرار الحروف في القران الكريم)، (زانستی قورئان)، چ: ١، چا: زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ١٤٢٠ك.

١٥- (نرکەی هۆنراوە)، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

١٦- (پانترین تۆر)، هەولێر، چ: ١، ٢٠٠٠ز.

١٧- (ژروه السنام الجهاد)، هەولێر، چ: ١، ١٤٢٣ك.

١٨- (الاسلام و الكورد)، هەولێر، چ: ١، ١٤٢٦ك-٢٠٠٦ز-٢٧٠٥كو.

١٩- (شێخ حسنی گلەزەردە)، نووسینی: شێخ ستار، هەڵسەنگاندنو رێکخستنی: دکتۆر سید بکر هەولێر، چ: ١، ١٤٢ك-٢٠٠٧ز-٢٧٠٧كو.

٢٠- (شێخ محی الدینی کەرکوك)، نووسینی: شێخ ستار، هەلسەنگاندن و رێکخستنی: دکتۆر سید بکر هەولێر، ١٤٢٨ چ: ١، ك /٢٠٠٧ز-٢٧٠٧ كو.

٢١- وەڵامی کورد (١-٤) کە پتر لە ٢٠٠٠ لاپەڕەی گەورە، چ: ١، هەولێر، ٢٧٠٧کو-١٤٢٨ك-٢٠٠٧ز.

٢١- وەڵامی کورد ١-٢٠ ، بیروت چا: عالم المعرفة چ:٢، ١٤٣٢ك.

٢١- شێخ اسماعیلی ولیانی، هەولێر، چ: ١، ٢٧٠٧کو-١٤٢٨ك-٢٠٠٧ز.

٢٢- نامەیەکی کراوە، هۆنراوە (دەست نووس).

٢٣- تاماوەت ماوە تۆ لێی دوور کەوە، چ: ١، هەولێر، ١٤٣١ك.

٢٤- ئاسۆی صەلاوات و بێ ئاگاکان، هەولێر، چ :١، ١٤٣٠ك.

٢٤- ئاسۆی صەلاوات و بێ ئاگاکان، هەولێر، چ: ٢، ١٤٣٢ك.

٢٥- خۆشەویستی خۆشەویستان، هەولێر، چ: ١، چا: هێڤی، ١٤٢٨ك-٢٧٠٧کو- تیراژ: ١٥٠٠ دانە، هەولێر.

٢٥- خۆشەویستی خۆشەویستان، هەولێر، چ: ٢، چا، ١٤٣٣ك-٢٧١٠کو- تیراژ: ١٠٠٠ دانە، هەولێر.

پتر لە ١٣ دەست نووسی ترم هەیە.

* * * * *

بۆ ئاگاداری:

پتر لە شەش ساڵە خەریکی دانانی ببلیۆگرافیایەکی بەرهەمو ژیانی نووسەرانی کوردین بەناونیشانی (الموسوعة وەلامی کورد) نووسیوەو چاپی یەکەم (چوار بەرگ، هەولێر، ١٤٣٠ك)و دووەمان (بیست بەرگ، بیروت، ١٤٣٢ك) بڵاوکردۆتەوە، کە لەماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابردو ژیاون لەکوردستانی گەورە وە تائێستا پتر لە ٣٥٠٠ کەسایەتی نووسەرو هۆنەرو سیاسەتمەدارو رووناکبیرو هۆنەرو... هتد نووسیوە وە پتر لە ٧٠٠٠ پەرتووکی دەست نووسو چاپکراومان نووسیوە بە پێنووسی کورد بە چ زمانێك بێتو لە چ شوێنێك بێتو لەسەر چ بابەتێك بێت گرنگ زادەی بیری کورد بێتو بەرهەمی بیرۆکەی کورد بێت (نامەکانی خوێندنی باڵاش لەم نووسینانەن) بۆیە داوا لە سەرجەم نووسەرو شاعیرو کوردێکی دڵسۆز دەکەین کە یارمەتیمان بدەن بە رەوانەکردنی هەر زانیاریەك هەیە لەسەر نووسەرو ناودارانی کورد جا چ کۆچیان کردبێت یا لە ژیان مابن وە واچاکە زانیاریەکەش ئەم خاڵانەی تیابێت:-

١- ناوو نازناوی نووسەر.

٢- مێژووی بوونو کۆچ کردنی ئەگەر نەمابوو.

٣- کورتەیەك لەژیانی و وێنەکەی ئەگەر هەبوو.

٤- ناوی بەرهەمەکانی چاپ کراو و چاپ نەکراو و بزر بوو و وە شوێنی بەرهەمەکانی ئەگەر دەست نووس بوو چ دەزگا یا پەرتووکخانەی ماڵ.

٥- ژمارەی لاپەرەکانی دەست نووس و جۆری بابەتەکە.

داواکارین لەسەر ناونیشانی دیاری کراو بۆمان رەوان بکەن، خوای گەورە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە (ان شاء الله)

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم نووسینە سوود بەخش بێت.

هیوادارم بێبەشمان نەکەن لە تێبینی و سەرنجتان.

(ان شاء الله) لە چاپی سێیەم سەرجەم بۆچوون و تێبینیەکانتان دەخەینەروو و داواکارین خوای گەورەش پاداشتی چاکەتان بداتەوە چونکە نیازی گشتمان خزمەتی ئەم گەل و ئەم زمانە شیرینە.

* * * *

هەڵسەنگاندن

بەناوی خوا گەورە

السلام عليكم ورحمه الله و بركاته

کاتێ سەیری پەرتووکی (خۆشەویستی خۆشەویستان)م کرد چاپی یەکەم، بەچاکم زانی کە ئەم نامەیە بنووسمو تێبینیەکانمی تێدا دیاری بکەم بۆ سید بکر:

وە پتر لە ٢٠ ساڵە نووسینە ئایینییەکان دەخوێنمەوە وە پتر لە ٢٠ ساڵیشە سید بکر دەناسم وەکو نووسەرو هۆنەر وە هۆنراوەو وتارەکانم بیستبوو.

بۆیە دەمەوێت ئەم ملاحەزانەی بۆ بنووسم بۆ سوودو بەس نەك نقدو رقەبەری:

ناوی پەرتووکەکەم بەلاوە زۆر جوان بوو بەڕاستی ناوەکەی سەرنج راکێشەر بوو.

نازانم —نیازم چاپی یەکەمە— بۆ ئەوەندە هەڵەی چاپخانە تێدابوو بەتایبەتی هەموو هەڵەکان لەلایەنی نووسینی عربیو کوردی کۆمپیۆتەر بوو و بۆ پێشی چاپ چارەنەکرابوو دەتواندرا بەماوەیەکی زۆر کەم ئەم هەڵەی هونەریانە روونەدات.

ئەو کیتابە لەکاتێکی باش کەوتە بازاڕ بەتایبەتی لەو کاتەبوو کە لەدەوڵەتەکانی دانیمارکو ئەلمانیا لەدژایەتی پێغەمبەرمان(d) دەکرێتو شتی خراپ بڵاو ببۆوە.

پەرتووکی بچووك پر واتا زۆر گرنگە بەتایبەتی لەو کاتە ئەم پەرتووکەش بەڕاستی چەند بچووکە بەڵام پر واتایە.

من زۆر سەیری تەفسیرەکانی سید بکر دەکەم نازانم لۆ ئیشارە بۆ مصدر ناکات وا بزانم هەر بە بۆچوونی خۆی ئەم تەفسیرانە دەکات ئەوەش خراپ نییە بەڵام جاری واهەیە شتی نوێ دەڵێ من سەرسامم لە بۆچوونەکانی سید بکر.

خۆزگە کاك سید ئەم نووسینانەی بەزمانی عربی دەنووسی یا بکرابایە ترجمە چونکە من زۆر جار کە پەرتووکە بچووکەکانی زمانی عربی دەخوێنمەوە دەبینم زانیاری تێدایە بەڵام بەڕاستی ئەم پەرتووکانەی کوردی بەگشتیو سید بەتایبەتی، شتی نوێی تێدایە، قەیدی چییە ئەگەر ئێمەش شتی ئایینی بکەینە عربی یا زمانی تر تاوەکو بزانن کوردیش لە مەبەستی ئیسلام گەیشتییەو کوردیش خۆی توانای شیکردنەوەی هەیە.

لەکۆتاییدا هیوادارم سید بکر سوود لە تێبینیو قسەکانم وەرگرتبێتو بیر لە نووسین بەزمانی عربی یا وەرگێران بۆ زمانی عربی بکاتەوە.

برات

ئاکار بەختیار عبداللە سورچی

ئەندازیار هەولێر

* * * * *

پێرس

ز	بابەت	لاپەرە
١	پێشەکی دووهەم	٥
٢	پێشەکی یەکەم	٦
٣	تابلۆی یەکەم: مەبەست لە خوا پەرستن	١٠
٤	تابلۆی دووەم: تەنیا شوێن کەوتوانت خۆشەویستی خواى گەورەنە !	٣٢
٥	تابلۆی سێیەم: قورئان و زانست بەلگەی پاکیتە!	٤٢
٦	چەند سەرچاوەیەك لەدواى قورئانی پیرۆزدا	٥٧
٧	چالاکییەکانی نووسەر	٥٨
٨	لەبلاوکراوەکانی دکتۆر سید بکر بەرزنجی	٥٩
٩	بۆ ئاگاداری	٦١
١٠	هەلسەنگاندن لەلایەن: ئەندازیار ئاکار بەختیار سورچی	٦٢
١١	پێرس	٦٤


پێشان و ئێستا
شفاء الصدور
من شبه الصلاة عند
القبور
لە بەهاری ئیعجازەکان دا
کاتێک عەقڵ دێتە دوان
دیاردەی خۆکوشتن